**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣١

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی و یەک

---

چاپی یەکەم/سالّی ٢٠٠٢

# پێرست :


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ـ دوو شەممە ٢٠٠٢/٥/١٣ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٥/١٩ ل٥٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٢١ ل٦٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٥/٢٢ ل٧٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەژدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٢٧ ل١١٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆزدە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٢٨ ل ١٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٦/٤ ل١٩٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٦/٥ ل٢٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٦/١٨ ل٢٧٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وسێ ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٦/١٩ ل٣٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وچوار ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٦/٢٤ ل٣٤٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وپێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٦/٢٥ ل٣٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست وشەش ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٦/٣٠ ل٤٢٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە یەک ـ شەممە ٢٠٠٢/٨/١٠ ل٤٦٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە یەک ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٨/١٢ ل٤٦٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە دوو ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٨/١٣ ل٤٧٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی نائاسایی ژمارە سێ ـ پێنج شەممە ٢٠٠٢/١٠/٣ ل٥١١

**بەرێز شـــــیــــــروان نـاصـح حـــــیــــــدری :**

**بەرێز ســــــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم الاصدار :

تأريخ الاصدار :

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة(٥٣) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة ( ) والمنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٢ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠) لسنة ١٩٩٧ قررنا اصدار القانون الآتي :

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢

قانون المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق

الفصل الاول

التعاريف

المادة الأولى :

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها :

الاقليم : اقليم كوردستان العراق.

المجلس : المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

الرئيس : رئيس المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

الامين المالي : امين الشؤون المالية للمجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

المكتب : مكتب النوادي والاتحادات الرياضية في مقر المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

الاتحاد : هيئة رياضية ترتبط بالمجلس وتشرف على شؤون احدى الألعاب الرياضية.

النادي : هيئة مجازة بموجب القانون تتألف من مجموعة من الاشخاص الذين تجمعهم فكرة رياضية.

الفصل الثاني

التأسيس والمهام والاهداف

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون مجلس باسم (المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق) ويعتبر اعلى هيئة للشؤون الرياضية في الاقليم ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء ويكون مقره في اربيل ويتكون من:

أ/ الهيئة العامة:

١ - رؤساء الاتحادات الرياضية في الاقليم.

٢- رؤساء النوادي الرياضية في الاقليم.

٣- مسؤولي اللجان الرياضية في المحافظات.

ب - الهيئة التنفيذية تتألف مما يأتي:

١- الرئيس.

٢- نائب الرئيس.

٣- السكرتير.

٤- الامين المالي.

٥- مسؤول الاندية والاتحادات الرياضية.

٦- مسؤول مكتب العلاقات والإعلام.

٧- مسؤولو اللجان الرياضية في المحافظات.

٨- ممثل وزارة الثقافة.

٩- ممثل وزارة التربية.

١٠- ممثل التعليم العالي.

١١- ممثل وزارة البيشمه ركه.

١٢- ممثل وزارة الداخلية.

١٣- ثلاثة من الخبراء المختصين يسميهم الرئيس بموافقة المجلس.

المادة الثالثة:

يتمتع المجلس بالاستقلال الاداري والمالي وتكون له شخصية معنوية.

المادة الرابعة:

يهدف المجلس الى مايلي:

١- رعاية وتطوير الحركة الرياضية في الاقليم.

٢- ترسيخ مبادئ واهداف اللجنة الاولمبية الدولية.

٣- إبراز اهمية الحركة الرياضية بما تنسجم مع اهداف شعبنا في كوردستان العراق.

٤- مساعدة النوادي والاتحادات الرياضية ودعمها من كافة النواحي بغية اداء مهامها على الوجه المطلوب.

المادة الخامسة:

اولاً/ تعقد الهيئة التنفيذية اجتماعاً اعتيادياً مرة كل شهرين وللرئيس أو ثلثي اعضائه دعوته لعقد اجتماع استثنائي.

ثانياً/ يتولى المجلس المهام التالية:

١ـ وضع البرامج الرياضية للموسم الرياضي وعرضها على الهيئة للمصادقة عليها.
٢ـ تحديد مهام ونشاطات اللجان الرياضية في المحافظات.
٣ـ تنظيم توزيع الاعانات المالية على النوادي والاتحادات الرياضية.
٤ـ منح الاجازة للأندية الرياضية وفقاً للقانون.
٥ـ إدارة المؤسسات والملاعب الرياضية.
٦ـ اقرار توحيد ناديين أو أكثر وفقاً للقانون.
٧ـ فرض العقوبات على الهيئات الادارية للنوادي والاتحادات الرياضية بما فيها الايقاف والحل في حالة خرقها القوانين والاعراف الرياضية.

الفصل الثالث

المادة السادسة:

إختصاصات الرئيس:

يتولى الرئيس الإختصاصات التالية:

١ـ رئاسة جلسة الهيئة العامة والهيئة التنفيذية.
٢ـ يمثل اللجنة امام القضاء والجهات الحكومية الأخرى وغيرها وله تخويل غيره بذلك.
٣ـ توقيع العقود والاتفاقات الرياضية وفق الأسس القانونية.
٤ـ التوقيع مع الأمين المالي على أذونات الصرف أو الصكوك.
٥ـ تخويل بعض اختصاصاته الى نائب الرئيس.
٦ـ تعيين مهام وصلاحيات سكرتير المجلس والامين المالي.

المادة السابعة:

تتولى الهيئة العامة مايلي:

١ـ انتخاب الرئيس وأعضاء الهيئة التنفيذية عدا ممثلي الوزارات والخبراء الذين تم تعيينهم.
٢ـ مناقشة محاضر الاجتماعات السابقة.
٣ـ المصادقة على تقرير المجلس بشأن النشاطات و الخطط المختلفة للسنة الجديدة.
٤ـ مناقشة المقترحات المقدمة من قبل الاتحادات و الاندية الرياضية و تقديمها تحريرياً الى مكتب الاتحادات و الأندية في المجلس قبل شهر واحد على الاقل من بدء اجتماعها.
٥ـ المصادقة على تقرير الامين المالي للمجلس بخصوص الحسابات الختامية للسنة المالية السابقة.

٦ـ إعداد الميزانية السنوية للمجلس و تقديمها للجهات المعنية.
٧ـ تحديد شعار المجلس.
المادة الثامنة:
تعقد الهيئة العامة اجتماعاً في نهاية كل سنة بدعوة تحريرية من المجلس يحدد فيها زمان و مكان الاجتماع ويرفق بها البيانات التالية:
١ـ جدول الأعمال.
٢ـ تقرير مدقق الحسابات في المجلس.
٣ ـ تقريرالمحاسب القانوني مع الحسابات الختامية للسنة المالية السابقة.
٤ـ تخمينات ميزانية للسنة المقبلة.
المادة التاسعة:
١ـ يكتمل النصاب القانوني لاجتماع الهيئة بحضور ثلثي الاعضاء وبعكسه يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع و يعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد الاعضاء الحاضرين.
٢ـ اذا حالت ظروف طارئة دون اجتماع الهيئة العامة في الموعد المحدد وجب على المجلس تعيين موعد جديد للاجتماع و تبليغ الاعضاء بذلك.
٣ـ تعقد الهيئة العامة اجتماعاتها برئاسة الرئيس وعند غيابه برئاسة نائبه.
٤ـ يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع في حالة غياب الرئيس و نائبه وعند عدم حضورهما في الاجتماع التالي تختارالهيئة رئيساً للاجتماع من بين اعضاء المجلس.
٥ـ اذا بدأ اجتماع الهيئة العامة بالنصاب القانوني فلا يؤثر انسحاب الأعضاء الحاضرين و مهما بلغ عددهم على صحة قرارات الهيئة العامة.
٦ـ تصدر الهيئة العامة قراراتها بالأكثرية المطلقة وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يكون فيه الرئيس.
٧ـ يكون التصويت على قرارات الهيئة العامة علنياً.
٨ـ لايحق لأي عضو من اعضاء الهيئة العامة للاشتراك في التصويت اذا كان طرفاً في الموضوع المطروح للتصويت اوله مصلحة او منفعة فيه.
المادة العاشرة:
١ـ يجوز للرئيس او ثلثي اعضاء المجلس دعوة الهيئة لأجتماع استثنائي لمناقشة القضايا للهيئة.
٢ـ لا يجوز للهيئة العامة عقد اجتماع استثنائي للنظر في موضوع سبق البت فيه الا بعد مضي ستة اشهر على الاجتماع الذي تم البت فيه.
٣ـ تتبع في الاجتماعات الاستثنائية الاجراءات المتبعة في الاجتماعات الاعتيادية.
الفصل الرابع

الاحكام المالية

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المجلس مما يلي:

١- المبالغ المخصصة له ضمن ميزانية الاقليم.

٢- أرباح المؤسسات والملاعب الرياضية التابعة للمجلس.

٣- ايجار اموال المجلس المنقولة و غير المنقولة.

٤- المعونات والهبات.

٥- رسوم اجازات فتح الملاعب والنوادي الرياضية التي تدار من قبل القطاع الخاص وتجديده.

المادة الثانية عشرة:

تخضع حسابات المجلس لتفتيش ديوان الرقابة المالية.

المادة الثالثة عشرة:

١- تكون مدة الهيئة التنفيذية اربع سنوات تقويمية على ان يجري اختيار اعضائها بعد كل دورة اولمبية مباشرة سواء اقيمت أو لم تقم.

٢- تكون مدة الهيئة التنفيذية الاولى أربع سنوات تقويمية بعد انتهاء الدورة الاولمبية المالية.

الفصل الخامس

الاحكام الختامية

المادة الرابعة عشرة:

للمجلس اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الخامسة عشرة:

لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

المادة السادسة عشرة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆبەڕێز کاک شێروان حەیدەری، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی ئەم لیژنانە ئەکەین، لیژنەی یاسایی و، لیژنەی رۆشنبیری و، لیژنەی دارایی و، لیژنەی ناوخۆ و، لیژنەی پێشمەرگەو، لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو، لیژنەی کۆمەڵایەتی، بڵاویشی ئەکەینەوە لە رۆژنامەکان، وەکو پرۆژە.

**بەڕێز شـــــــیـــــــروان نــاصــح حـــــــیـــــــدری :**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانون الآتي :

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢**

**قانون المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة الأولى:**

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها :

الاقليم : اقليم كوردستان العراق.

المجلس : المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

الرئيس : رئيس المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

الامين المالي : امين الشؤون المالية للمجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

المكتب : مكتب النوادي والاتحادات الرياضية في مقر المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق.

الاتحاد : هيئة رياضية ترتبط بالمجلس وتشرف على شؤون احدى الألعاب الرياضية.

النادي : هيئة مجازة بموجب القانون تتألف من مجموعة من الاشخاص الذين تجمعهم فكرة رياضية.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی تان هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحــمــد نقــشــبندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕای ئێمە ئەو کەلیمەی (امین) مالی زۆر داریج نییە لە موقازەفاتی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە بکرێتە بەرپرسی دارایی بەم شێوەیە: (مسؤل الشؤون المالية للمجلس الأعلى للرياضة في إقليم كوردستان العراق) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی لێژنەی یاسا دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین وەکو خۆی، (امین مالی) لەم بابەتانەی ئیتحادات شەرت نییە بەڵام من هەندێک لەسەری دەدوێم، (امین مالی) و (امین صندوق) هەیە (امین مالی) مالیە زۆر زۆر لە صندوق فراوانترە، وشەی بەرپرس (مسؤول مالی) شتێکی تەکلیفە هیچ ناونیشانێکی وەزیفی یان حسابی بەم شێوەیە نییە، لەبەر ئەوە دەقی ماددەکە چۆن هاتووە ئێمە لەگەڵینە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عیبئی دارایی یەکێتی وەرزشیش زۆر دەبێت، مانای لە مستەوای ئەوە نییە وەکو نەقابەیەک زۆر زۆر فراوانتر دەبێت و موتەشەعبیش دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت وەزیفەیەکی سابتیش بێت و، ناوێکی زیادیشی هەبێت بە قەناعەتی ئێمە. ڕای لێژنەی پێشمەرگە تکایە؟.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین«سیروان کاکەیی» :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین بەڵام یەک پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری ئەوە دەکەین کە پێناسەی (اللجنە) بکرێت لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە هاتوون، چونکە ناوی لێژنە لە ماددەی دووەم لە دوو جێگا هاتووە وەکو پێناسە پێمان باشە لێژنە زیادبکرێت و، بگوترێت (اللجنة الرياضية في المحافظات) لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لێژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقە پێشنیارکراوەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە؟ بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئیش و کارەکان ئاسانتربن و زوتر تەواو بن، لیژنەکانی یاسایی و پەروەردە و تەندروستی پێکەوە دابنیشن بۆیە ئەو ڕایەی کە جەنابی کاکەرەش پێشکەشی کرد بەنیسبەتی ئەوەی کە (امینی مالی) بگۆڕێت بە بەرپرسی دارایی ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێناسەی (الاقلیم: اقلیم کوردستان العراق.) ئەگەر هاتە پێناسەکردن کە (الاقلیم: اقلیم کوردستان العراق.) پشتێن هەنگی داعی نییە لەدوای ئەمە پێوست نییە لە (المجلس) نوسراوە (في اقلیم کوردستان العراق.) هەموو لە جێگای (اقلیم کوردستان العراق.) ببێتە (في الاقلیم) چونکە هاتە پێناسەکردن ئەگەر هاتوو دووبارە بۆوە ئەمە بە پێناسە دانانرێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گۆڕانکاریەی لە پێناسەی (المجلس) هاتووە، برگەی (الأمین المالي والمکتب) هەر لە ئەنجومەنی بالای وەرزش هاتووە، تەنها (المجلس) بێت و کۆتایی پێ بێت چونکە پێشتر پێناسە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەلامتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەرێمی کوردستان پێویستە بگۆترێت چونکە هەریەکە پێناسەکە بۆ خۆیەتی لە پاش

ماددەکانی تر پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە تەنها هەرێم دەمێنێت، بەڵام ئێستا دەبێ پێناسەی خۆی وەربگرێت کە دەڵێی (المجلس) ئەنجومەنی چیی، (الاقلیم) یەکەمە مانای وایە لە زمنی یەک ماددەیە پێویستە بە تەواوی عینوانی خۆی وەربگرێت بەلام لە ماددەکانی تر پێویست نییە بە دووبارە بوونەوە بەتەنها (الاقلیم) پێناسە دەکات، بەڵام لێرە پێویستە بگۆترێت چونکە عینوانی تەواوی پێناسەکەیە. بەنیسبەت ئەنجومەنیش ئەوەی کاک د.رزگار فەرمووی لەهەر جێگایەکی هاتبێت مادەم پێناسە کراوە پێویست ناکات بڵێی فلان ئەنجومەن، شتەکە ڕاستە مانای بەتەنیا کافییە بەئیعتباری لێرە پێناسە کراوە (المجلس: المجلس الاعلی للریاضة في اقلیم کوردستان العراق.) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی لەسەر موقتەرەحی کاک سەرتیب؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەنیا لیژنە کافی نییە پێناسە بکێرت لێرە، چونکە لیژنە لەوێ دەبێت پێناسە بکرێت چۆن دروست دەکرێت، چونکە لیژنەکە حەسەب ئەو برادەرانەی کە هاتبوون کە قسەیان لەم بابەتە کرد دەڵێن لە پارێزگا لە سێ کەس تەشکیل دەکرێت، سێ کەس دادەنرێت و هەڵبژاردن دەکرێت، هەڵبژاردن دەکرێ لە یەکێتی وەرزشی و یانەکانی پارێزگا. یەکێکیان دەبێتە بەرپرسی لیژنەکەو یەکێکیش دەبێتە بەرپرسی دارایی یەکێکیش وەکو ئەندامێک کارگێر، ئەوانە ئیش وکاری وەرزشی دەکەن و تەقاریری دەوری دەدەن، جا بەتەنها بە پێناسە کافی نییە بەڕای من پێویستە لە پشتەوە بگۆترێت کە دێین لە تەکوینی ئەنجومەنی باڵا لیژنەش هاتووە، کەدێینە سەر لیژنەکان لیژنەکە پێناسە دەکەین دەڵێین ئەوە پێک دێت لە سێ کەس و هەڵبژاردن دەکرێت بەو شێوەی کە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێناسەی نادیان بۆ بکەن (تجمعهم فکرة ریاضیة) مانای چییە؟ پێناسەی نادیان بۆ بخوێننەوە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

النادي: هیئة مجازة بموجب القانون تتألف من مجموعة من الاشخاص الذین تجمعهم فکرة ریاضیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەوەمان بۆ شەرح بکەن مەمنون دەبین.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەبعـەن دروسـتكردنی نادی و كـردنەوەی نـادی پێـویسـتـە بەپێـی یاسـای جەمـعـیـیـات مـۆڵەت وەربگرێت.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مەبەستمان لە (فكرة رياضية) مەبەست چییە لەمە؟

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەعنی مەسەلەن فكرەیەكی تۆپانێ هەیە، لەوانەیە نەوعێك لە نەوعەكانی وەرزش یان شێوەیەك لە شێوەكانی وەرزش بیری لێ بكەنەوە، نازانم كە قسەمان لەگەڵ كردن بەم شێوەیە تەرحیان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشە فكرە ڕاستە یان (نشـاط) ڕاستـە؟ باشە مـادام گـۆڕانكاری ناكـرێت لەسـەری دەیخـەینە دەنگدان، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی یەكەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكـەن دەسـتـیـان بەرزكـەنەوە، مـاددەی یەكـەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تكایە.

**بەڕێز شــــیـــــروان نـاصح حـــیـــــدری:**

## الفصل الثاني
## التأسيس والمهام والاهداف

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون مجلس بأسم (المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق) ويعتبر اعلى هيئة للشؤون الرياضية في الاقليم ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء ويكون مقره في اربيل عاصمة الاقليم ويتكون من:

أ/ الهيئة العامة:

١ ـ رؤساء الاتحادات الرياضية في الاقليم.

٢ـ رؤساء النوادي الرياضية في الاقليم.

٣ـ مسؤولي اللجان الرياضية في المحافظات.

ب ـ الهيئة التنفيذية وتتألف من:

١ـ الرئيس.

٢- نائب الرئيس.
٣- السكرتير.
٤- الامين المالي.
٥- مسؤول الاندية والاتحادات الرياضية.
٦- مسؤول مكتب العلاقات والإعلام.
٧- مسؤولي اللجان الرياضية في المحافظات.
٨- ممثل وزارة الثقافة.
٩- ممثل وزارة التربية.
١٠- ممثل التعليم العالي.
١١- ممثل وزارة البيشمەرگە.
١٢- ممثل وزارة الداخلية.
١٣- ثلاثة من الخبراء المختصين يسميهم الرئيس بموافقة المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بەڕای ئێمە بەئیعتباری ئەو تەشکیلە هاتووە باسی لیژنەکانیش کراوە لیژنەی پارێزگاکان، پێناسە بە بەندی سێیەم ئیزافەی بکەین بڵێین: (اللجان الرياضية في المحافظات تتكون لجنة المحافظة من ثلاثة أعضاء يتم إنتخابهم من قبل رؤساء الإتحادات الرياضية والأندية الرياضية في المحافظات وتنتخب اللجنة من بين أعضائها مسؤولاً مالياً لها وتكون مامها الإشراف على جميع الأمور الرياضية في المحافظة وتقديم التقارير الدورية عن أنشطتها الى المجلس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پارێزگاکان لە هیچ شوێنێ تر نەهاتووە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

نەخێر، هیچ پێناسە نەهاتووە. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕاستی تێبینییەکی تریش لەسەر تەشکیلەکەی دەستەی جێبەجێکردن (ممثل عن الشبيبة الديمقراطية في إقليم كوردستان) نەهاتووە، پێویستە لاوانیش نوێنەرێکیان هەبێت چونکە نەشاطاتی وەرزشی یەکجار زۆریان هەیە و، زۆر فەردەقیان هەیە وەکو بیستمان زیاتر لە (٣٠) فرقەیان هەیە، پێویستە ئەوانیش نوێنەریان هەبێت، بۆیە لەبەر ئەمە تاکو پێناسەکە حەسر نەبێت بڵێین (ممثل عن الشبيبة الكوردستانية في

الإقليم) جا كێ سيفەتى شەرعى هەبوو كێ لە هەڵبژاردن يەكەم بوو ئەو دەبێتە نوێنەر لە دەستەى جێبەجێكردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ڕاى لێژنەى پەروەردە تكايە؟

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەمان پێشنيارى لێژنەى ياساييمان هەيە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ڕاى لێژنەى تەندروستى و كۆمەڵايەتى تكايە؟.

**بەڕێز شفيق محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان ڕاى لێژنەى ياساييمان هەيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ماناى ئێوە هەموو پێكەوە دانيشتون؟ ماناى لێژنەى ياسايى كە قسان بكات لە باتى ئێوەشە؟ ئێمەش لە ئێوە ناپرسين بۆ ئەوەى ئيشەكەمان ئاسانتر بێت.

**بەڕێز شفيق محمد امين:**

بەڵێ، ڕاى ئێمە وەكو يەكە پێكەوە دانيشتوين.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەڵام ئەگەر تێبينيتان هەبێت دەتوانن پێشكەشى بكەن، ڕاى لێژنەى پەيوەندى و ڕۆشنبيرى تكايە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ڕايەكەى لێژنەى كاروبارى ياساييين بۆ زيادكردنى ئەندامێتى نوێنەرى يەكێتى لاوانى ديموكراتى كوردستان بەم شێوەيە، جگە لەمە لە برگەى (ب) داوا دەكەين زيادكردنى نوێنەرى وەزارەتى تەندروستى و كاروبارى كۆمەڵايەتى لەبەر پەيوەست بوونى وەرزش بەپسپۆڕيى ئەركى وەزارەتەوە، لەبەر ئەوە لە ڕووى زانستەوە كۆمەڵێك ڕووى بەشدارييان هەيە چ لە ڕووى زانستى هاوبەشن وەك زانستى جووڵە، زانستى تەشريح، جگە لەوە هەموو ياريگايەك و شوێنێك بەپێى بريار ئەبێ يەكەيەكى تەندروستى تێدابێت يان بنكەيەكى تەندروستى تێدابێت، جگە لەوە بابەتێكيش هەيە كە وەكو زانستێكى گەورەو پسپۆڕيەكى تايبەتى بەناوى پسپۆڕى پزيشكى

وەرزشی. کەواتە لە هەموو ڕوییێکەوە تەواوکەری یەکترین پێویستە نوێنەری وەزارەتی تەندروستی هەبێت چونکە کارەکەیان یەک کارە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی دارایی تکایە؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها بڕگە (أ/ الهيئة العامة) ناحیەی سیاغەو تەدوینێ بەم شێوەیە بێت: (الهيئة العامة وتتألف من) چونکە یەکسەر هاتووە (الهيأة العامة) یەک - دوو - سێ، (الهيئة العامة) لەگەڵی بنوسرێت (وتتألف من) ناحیەی سیاغەو تەدوین هیچ تێبینیمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی پێشمەرگە تکایە؟

**بەڕێز سرتیب محمد حسین«سیروان کاکەیی» :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی لێژنەی دارایی و ئابوریمان هەیە، کە ئەو (تتألف من) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر دوو پێشنیارەکەی لێژنەی یاسا تەئید دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن؟ ماموستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت نوێنەری وەزارەتی پەروەردە دەڵێت دەبێ هەبێت، بەڕای من وەزارەتی پەروەردە تەنها ناحیەی فەنی و ئیداری ئەوەی دەکات نوێنەری شەبیبەو تەڵەبەشی دەبێت بەیەکەوە هەردووکیان ئێستاش تەنزیمیان یەکە تەقریبەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ناوی سەرۆکی نادی هاتووە، ناوی سەرۆکی یەکێتی هاتووە. ئەمانە بەگوێرەی ئەم قانونە نەیان گوتووە چۆن دروست دەکرێن، ئایا هەر نادییەک هەڵبژاردنی خۆی هەیە ئەگەر هەبێت بە چ قانونێکە؟ عادەتەن لە نەقابات کەناوی سەرۆکی بەشێک دێت یان سەرۆکی لێژنەیەک دێتن لەهەمان قانون باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئەو سەرۆکە دەکرێت یان جێگری، لێرە تەنها ناویان هاتووە یەعنی دەستەی ئیداری مومەسیلە لەم شەخصانە ئەم شەخصانە چۆن دروست دەکرێن و چۆن دێنە ناو یەکێتیەکە لەناو ئەنجومەنی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.لطیف بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود أحمد بر زنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە کە ئەلف و بێ لە هەیئەی عامە و، هەیئەی تەنفیزی بکرێن بە (اولاً وثانیاً).

دووەم/ لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەکدا پێناسەی (الرئیس) کراوە، کە رەئیسی مەجلیسی ئەعلای ریازەیە لە ئیقلیم، ( الهیئة التنفیذیة تتألف مما یأتي: الرئیس، نائب الرئیس، السکرتیر)، ئایا ئەو رەئیسە لەگەڵ رەئیسەکەی تردا ئیشکالێک دروست ناکات تێکەڵ نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو رەئیسە ئەو رەئیسەیە، ( الرئیس) رەئیسی مەجلیسی ئەعلایە، رەئیسی مەجلیسی تەنفیزیشە، بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە عینوانی فەسڵی دووەم قسەم هەیە ( التأسیس والتشکیل والاهداف والمهام) لە فەسڵی سێیە و، تێبینی تریشم هەیە لە سێی (اولاً) و حەوتی ( ثانیاً) (في المحافظات مطلق) هاتووە و، ئەگەر ئیزافە بکرێت (محافظات الاقلیم) پێم وایە باشتریشە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو، ئەگەر وەڵامت هەیە.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن بەنیسبەت ئەو تەسلسولەی بەڕاستی باشترە یەک و دوو و سێ بێت، (اولاً و ثانیاً و ثالثاً) لیجانەکە ببێتە (ثالثاً).

١- الهیئة العامة.

٢- الهیئة التنفیذیة.

٣- لجان المحافظات.

ئەوە خراپ نیە و، ئەوەی کاک جەمیل گوتی (تتألف - تتکون) بەڕای من هیچ موشکیلە نیە، با ببێتە (تتألف) ئێمە لاریمان نیە، ئەگەر (تتألف) راسترە با ببێتە (تتألف)، بەس ئەو پێشنیارەی مەوزوعی شەبیبە، مەفروزە بەڕای ئێمە دەبێت تێدا بێت، بەس ئەوەی کە کاک ئەحمەد فەرمووی مەوزوعی وەزارەتی تەندروستی، نوێنەری وەزارەتی تەندروستی تێدا بێت، بەڕای ئێمە چ موجیب نیە، چونکە بەخۆی چ هەیئەی ئۆلۆمپی بێت چ ریازی بێت خۆی دکتۆری تایبەتی خۆیان هەیە عیلاقەیان نیە، ئەو دکتۆرە ڕەبتێکی بەوان هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات نوێنەری وەزارەتی تەندروستی تێدا بێت، مومکینە هەر وەزارەتێک داوا بکات نوێنەرێکی تێدا بێت، ئەگەر مەوزوع مەوزوعی وەزارەتی تەعلیمی عالیە، مەوزوعی تەعلیمی عالی لەبەر فرەقی ریازیە و نەوادیە، کۆلیژی ریازەیان هەیە، وەزارەتی پەروەردە هەموو قوتابخانەکانیان نەشاتی ریازیان هەیە و مەشموولن بە ریازە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی تەندروستی ئەو دکتۆرە دکتۆرێکی تایبەت دەبێت بەو مەجلیسەی عیلاقەی بە وەزارەتی تەندروستی نیە لە ڕووی تەندروستیەوە، ئەگەر پێویستیشیان پێ بێت وەکو خەڵکێکی ئیعتیادی موراجەعەی پێ دەکەن، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بەڕای ئێمە، ئەو نوێنەرەی شەبیبە نازانم بە چ صیغەیەک، بەڕای ئێمە بەو صیغەیە بنووسرێت (ممثل عن الشبیبة الدیمقراطیة الکوردستانیة) بۆ ئەوەی حەسری نەکەین بڵێین یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان نەوەک خەڵکێکی تریش بڵێ منیش ئەوەم هەیە (ممثل عن اتحاد الشبیبة في کوردستان) ئەوجا کێ ئەکسەریەتی هێنا؟ کێ شەرعیەتی هێنا؟ کێ مونحاز بوو بۆ ئەو جیهەتە؟ داخیلی لیژنەکە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تکایە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان بە تەعدیلاتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## الفصل الثاني
## التأسیس والمهام والاهداف

**المادة الثانية:**

يؤسس بموجب هذا القانون مجلس بأسم (المجلس الاعلى للرياضة في اقليم كوردستان العراق) ويعتبر اعلى هيئة للشؤون الرياضية في الاقليم ويرتبط برئاسة مجلس الوزراء ويكون مقره في اربيل عاصمة الاقليم ويتكون من :

أ/ اولاً : الهيئة العامة : وتتألف من :

١ ـ رؤساء الاتحادات الرياضية في الاقليم.

٢ـ رؤساء النوادي الرياضية في الاقليم.

٣ـ مسؤولي اللجان الرياضية في المحافظات.

ب ـ الهيئة التنفيذية وتتألف من :

١ـ الرئيس.

٢ـ نائب الرئيس.

٣ـ السكرتير.

٤ـ الامين المالي.

٥ـ مسؤول الاندية والاتحادات الرياضية.

٦ـ مسؤول مكتب العلاقات والإعلام.

٧ـ مسؤولي اللجان الرياضية في المحافظات.

٨ـ ممثل وزارة الثقافة.

٩ـ ممثل وزارة التربية.

١٠ـ ممثل التعليم العالي.

١١ـ ممثل وزارة البيشمەرگە.

١٢ـ ممثل وزارة الداخلية.

١٣ـ ممثل عن الشبيبة في كوردستان.

١٤ـ ثلاثة من الخبراء المختصين يسميهم الرئيس بموافقة المجلس.

ثالثاً : اللجان الرياضية في المحافظات وتتكون لجنة المحافظة من ثلاثة أعضاء يتم انتخابهم من قبل رؤوساء الاتحادات والاندية الرياضية في المحافظة وتنتخب اللجنة من بين أعضائها رئيساً ومسؤولاً مالياً لها وتكون مهامها الإشراف على جميع الامور الرياضية في المحافظة وتقديم التقارير الدورية عن انشطة الرياضة الى المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک شتمان هەیە ( ١١ـ ممثل وزارة شؤون البيشمەرگە)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی

ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ ماددەی دووەم وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

يتمتع المجلس بالاستقلال الاداري والمالي وتكون له شخصية معنوية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەیوەندی و ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لێ دەکەین بەس کەلیمەی (تکون) (یکون)ە لوغەویەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینمان نیە و پشتگیری لە ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، تکایە ماددەکە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

يتمتع المجلس بالاستقلال الاداري والمالي ويكون له شخصية معنوية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ ماددەی سێیەم وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

يهدف المجلس الى مايلي:

١- رعاية وتطوير الحركة الرياضية في الاقليم.

٢- ترسيخ مبادئ واهداف اللجنة الاولمبية الدولية.

٣- إبراز اهمية الحركة الرياضية بما تنسجم مع اهداف شعبنا في كوردستان العراق.

٤- مساعدة النوادي والاتحادات الرياضية ودعمها من كافة النواحي بغية اداء مهامها على الوجه المطلوب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێیەم (بحيث) یان (بما تنسجم) تێبینی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر (لمبادیء) مەچ کرینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی رۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە سێ ئەگەر بکرێت بەم شێوەیە دارێژێتەوە کە تەنشیطی تیا بێت، یەعنی وشەی چالاکی پێدان (إبراز اهمیة الحرکة الریاضیة والعمل علی تنشیطها بما تنسجم مع اهداف شعبنا في کوردستان العراق) و، زیاد کردنی بڕگەی پێنجەم بۆ هەمان مادده (العمل علی التعاون والتنسیق مع الاتحادات والنوادي الریاضیة خارج الاقلیم)، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە چوارەمیش دەبێت بنووسرێت (مساعدة النوادي والاتحادات الریاضیة)، رای لیژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەسەر بڕگە یەک تێبینیمان هەیە، ئەویش کە هاتووە دەڵێت (رعایة وتطویر الحرکة الریاضیة في الاقلیم) پێمان چاکە ئیزافەیەکی بخرێتە سەر و بڕگەکە وای لێ بێت (رعایة وتطویر الحرکة الریاضیة والعمل علی تهیئة الکوادر الریاضیة المتقدمة في الاقلیم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە (رعایة وتطویر الحرکة الریاضیة) ئەوە ناگرێتەوە.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە تێبینیەکەمان هەر ئەوەندەیە بەنیسبەتی نادیەکان و ئەوانە زۆر جار کەوادیر لە شوێنی ترەوە دەیهێنن و ئیستیفادەیان لێ دەکەن، ئەگەر لێرە تەئکید بکرێت لەسەر بوونی کەوادیری پێشکەوتوو ئیعتیماد زیاتر دەکرێت لەسەر خۆمان و ئیبرازی وەجهی خۆمان دەکرێت و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومانی تێدا نینە سکرتێریێ وەرزشێ زۆر گرنگ و بەرفراوان و مەزنە سەرەڕای ئەوەی کە کەناڵێکی دیبلۆماسیە لەگەل جیهانا هەمومان دەبینن چ کاریگەری و چ فەعالیاتە وی زێدەیە، ژ بەر هەندێ لە هەرێمێ ئەز دەبینم ئەڤ فەقەرە بێتە ئیزافە کرن، چونکە کاریگەریە خۆی هەی (دعم النظام في الاقليم) هەرچەندە فەقەرە سێ ئیشارەتی بۆ کردووە، بەس ئاشکرای تێدا هەیە لەو فەقەرەیە، یا دوێ فەقەرەیەکی دی ئیزافە بکەت (ترسيخ الروح الرياضية بين الرياضيين في الاقليم) کە یەکیش ل ئەهدافێ ڤێ مەجلیسی ئەعلای ریازی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو وەڵامی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعەی کە کاک د. رزگار فەرمووی لە زۆر جێیان لە ئەهدافیش لێرە لە هەیئەی تەنفیزی دووبارە هاتۆتەوە، بەحەقیقەت حەرەکەی ریازییە زیاتر و، جانبی ریازیەکە زیاتر ئیبراز بکرێت لە جەوانبی تر، چونکە مەسەلەکە مەسەلەیەکی ریازی بەحتە، با زۆر نەچینە ناو مەوزوعی سیاسەت بۆ ریازەتەکەی تەرسیخی مەبادیئی فیدراڵیەت لە هەموو قەوانین و نەقابەدا هاتووە، لەبەر ئەوەی بەڕای من تەطویری فکری ریازە، واتا کابرای ریازی چ تێ بگەینین ئاگای لە فیدراڵیەت بێت، ئاگای لە ریازەکە بێت تۆپانێیەکەی بیاتەوە باشترە، ئەگەر بیاتەوە ئیبرازی دەوری کوردستان دەکەن، ناومان داوێتە ناو ناوان باشترە لەوەی ئەوەی لەسەر فەرز بکەین و، زۆریش هاتووە روحی ریازی و ئەوانە زیاتر لە ئەهداف و ئەوەی هاتووە نەشاطاتی لیژنەکانی ریازی لە ئەهدافی هەیئەی تەنفیزی، لەبەر ئەوەی بەڕای من ماددەکە زۆر باش هاتووە، هیچ عەیبی نییە، ئەگەر

(إبراز اهمية الحركة الرياضية وانشطتها) كە بەرێز کاک ئەحمەد ئیسارەی کرد، چ لاریمان نیە لە برگەی سێ ئەوەی تێدا بێت (إبراز اهمية الحركة الرياضية وانشطتها بما تنسجم مع اهداف شعبنا في كوردستان العراق)، لاریمان نیە برگەی چواریش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش یەک دوو تێبینیمان هەیە هەر بۆ شەرح، لەسەر پێشنیارەکەی کاک د. رزگار، خاڵی سێیەم دەڵێ (إبراز اهمية الحركة الرياضية وانشطتها بما تنسجم مع اهداف شعبنا في كوردستان العراق) دەبێت ئەوە تەنیا لە فیدراڵیەکە زیاتر بێت، ئەوە کراوەیە زیاتریشە لە فیدراڵیەکە و، لە هەر شوێنێک ئەوە فیدراڵی بێت تۆزێ خۆمان دەبەستینەوە و، زۆر زەقیش دەبێت بەنیسبەت ریازەوە، پێشکەوتنی ریازە خزمەتی فیدراڵیەتە، یەعنی ئەهدافەکە هەمووی بە عامە سەیری بکەی هەمووی خزمەتی فیدراڵیەتە، جا تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

يهدف المجلس الى مايلي:

١- رعاية وتطوير الحركة الرياضية في الاقليم.

٢- ترسيخ مبادئ واهداف اللجنة الاولمبية الدولية.

٣- إبراز اهمية الحركة الرياضية وانشطتها بما تنسجم مع اهداف شعبنا في كوردستان العراق.

٤- مساعدة النوادي والاتحادات الرياضية في الاقليم ودعمها في كافة النواحي بغية اداء مهامها على الوجه المطلوب.

٥- العمل على التعاون والتنسيق مع الاتحادات و النوادي الرياضية خارج الاقليم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەرێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ ماددەی چوارەم وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة:**

اولاً/ تعقد الهيئة التنفيذية اجتماعاً اعتيادياً مرة كل شهرين وللرئيس أو ثلثي اعضائها دعوتها لعقد اجتماع استثنائي.

ثانياً/ يتولى المجلس المهام الآتية:
١- وضع البرامج الرياضية للموسم الرياضي وعرضها على الهيئة للمصادقة عليها.
٢- تحديد مهام ونشاطات اللجان الرياضية في المحافظات.
٣- تنظيم توزيع الاعانات المالية على النوادي والاتحادات الرياضية.
٤- منح الاجازات للأندية الرياضية وفقاً للقانون.
٥- إدارة المؤسسات والملاعب الرياضية.
٦- اقرار توحيد ناديين أو أكثر وفقاً للقانون.
٧- فرض العقوبات على الهيئات الادارية للنوادي والاتحادات الرياضية بما فيها الايقاف والحل في حالة خرقها القوانين والاعراف الرياضية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێش ئەوەی ڕای لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەكە بڵێین، حەز دەكەم شتێك بڵێم بۆ برادەران ئەگەر ڕوون نەبێت، ئەو هەیئەی تەنفیزیەی كە باسی دەكەین، بەڕاستی ئەوە هەیئەی عامەیە و، تەقریبەن ١٠٠٪ تەمسیلی مەجلیس دەكات بەشێوەیەكی عام، هەر چەندە ئەنجومەن بەگشتی هەموو شتەكان دەگرێتەوە بە هەیئەی عامەوە بە هەیئەی تەنفیزیەوە و لیژنەكانی موحافەزات، بەڵام وەجهی حەقیقەتی لیژنەكە هەیئەی تەنفیزیە كە موشریفە لە خیلالی ئەو چوار ساڵەی كە ئیش دەكات، لیژنەی عامیلە تەمسیلی مەجلیس دەكات بە هەموو ئیمكانیات و وەزیعەتی، ڕەئیسەكەشی ڕەئیسی مەجلیسە، ئەوە لە ڕوویەكەوە، لە ڕووەكەی تر بەنیسبەت ماددەكە، بۆیە لەم لایەوە هاتووە، نەوەكو یەكێك ئیلتیباس بكات دەڵێت (اولا/ تعقد الهيئة التنفيذية اجتماعا اعتياديا مرة كل شهرين)، دوایێ لە بڕگە دوو هاتووە دەڵی (يتولى المجلس المهام التالية) نەوەكو یەكێك تەسەوری وا بێت هەر دەگەڕێتەوە، تەقریبەن مەجلیس بەگشتی ئیشوكاری ئەوەیە بەو شكلە، ئەو مەجلیسە مەخسەدی لێرە هەر هەیئەی تەنفیزیە، چونكە بە ئیعتیباری وەكو مەجلیس كار دەكات و، دوو بڕگەش پێشنیارمان كرد، پاشی ئەوەی كە پێشنیار دەكەین ئیزافە بكرێتە سەر ماددەی ئەو مەهامانە، یەكیكیان (طلب التفرغ للرياضيين والعاملين في الحقل الرياضي اثناء اداء واجبهم الرياضية)، دوو(اصدار اوامر الايفاد داخل الاقليم وخارجه) ئەوانە ڕیازی و شتی وەها دەنێرنە دەرەوە، ئەو حەقیان هەبێت ئەو مەجلیسە ئیفادی ئەو خەڵكەی بكەن، مادام موافەقەتی لەسەر كراوە، بیان نێرنە دەرەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ بڕگە یەک بکرێتە (٤٥) ڕۆژ لەبەر ئەوەی دوو مانگەکە زۆرە، لەبەر ئەوەی گرەو و چالاکی وەرزش بەردەوامە هەمیشە خولی هەیە ڕۆژانەیە، بەدرێژایی چوار وەرزەی ساڵ هەیە، ئەوە پێویست دەکات دوو مانگەکە بەزۆر دەبینین، بڕگە هەشت بخرێتە سەر ماددەکە و بەم شێوەیە (إبرام العقود والاتفاقيات الرياضية داخل وخارج الاقليم وفق الاسس القانونية)، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چار و پێنجا هاتە نەصێ ئەم تەئیدا وێتکەم بێ چ زێدە بینیە دی و، مەسەلەی چوونە دەرەڤە مەسەلەی دی مورتەبیتە بە ریئاسەتی مەجلیسی وزەرا، ئەو صەلاحیەت و ریئاسەتە هی مەجلیسی وزەرایە حەتا هی عقودیش، هەرچەندە حەفت فەقەرە هاتووە، ڕای لیژنەی دارایی تەئیدی دەکات وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیمان لەسەر یەکەمە، ئەویش لەسەر ماوەی کۆبوونەوەکانە، لێرەدا هاتووە دوو مانگ جارێک بکرێت، پێمان چاکە سێ مانگ جارێک بکرێت وەرزی بێت و، لەبەر ئەوەی کاتێکیش

دەكرێت كۆبوونەوەی ئیستسنائی بكرێت گەر شتێكی تازە هاتە پێشەوە، چونكە ژمارەی ئەو ئەندامانەی كە لێرە لە هەیئەتی تەنفیزیەكەن زۆرن و كۆبوونەوەیان هەموو كاتێک ناكرێت، پێمان چاكە وەرزی بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستە جەنابی كاكەڕەش وەزعەكەی تەواو شی كردەوە، بەڵام ئەو (المجلس)ە تەبعەن ئەگەر بڵێ (تتولى الهيئة التنفيذية)پێم وایە دەبڕێتەوە.

دووەم/ لە یەكی (ثانیاً) (على الهيئة) (الهيئة العامة)یە، مانای هەیئەی موتڵەق نیە، (على الهيئة العامة)، تێبینی سێیەمیشم ئەوەیە كە ئەم ماددەیە بخرێتە فەسڵی سێیەمەوە، یەعنی ئەو فەسڵی سێیەم (المهام والصلاحية) بێتە پێشەوە، چونكە ئەمە مەهام و صەلاحیاتی هی عامەیە و هی تەنفیزییە و هی رەئیسە و، تەبعەن بە تێكڕا یەک فەسڵی سەربەخۆیە، یەعنی ماددەكە لە فەسڵی دووەم بێتە فەسڵی سێیەم، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئاشكرایە ئەو مەشروعە لە قانونی مەركەزی وەرگیراوە كە ژمارەكەی (٢٠)ە ساڵی (١٩٨٦)، بەڵام كەمێک شێواندراوە، یەک دوو شت هەیە لێرە ئیزافە نەكراوەتە سەری، یەعنی ئەوها كراوە ئیشارەتی پێ نەدراوە، حەز دەكەم عەرزی ئەنجومەنی بكەم، یەک لەوانە (تنفيذ قرارات الهيئة العامة) ئەوەی تێدا نیە، دوو/ (الموافقة على العقود والاتفاقيات التي تبرم باسم المجلس) ئەوەی تێدا زیكر نەكراوە، (تعيين محاسب قانوني وإعداد الحساب الختامي المتعلق بتنفيذ اعتمادات الميزانية للسنة المالية المنتهية) تەبعەن لەبەر ئەوەی ئەو مەشروعە دوێنێ ئێمە كە داخیلی مەجلیس بووین ئەو وەختی بەسەر ئێمەدا تەوزیع كرا بوو، لە حەقیقەتدا ئەمە جاری یەكەم كە خوێندنەوەی یەكەم كرا، بە ئێمە گوترا ئەوە بڵاو دەكرێتەوە لە ڕۆژنامەكان، ئێمە بۆیە خۆمان ماندوو نەكرد كە تەعقیبی سەر و ساوەو قەوانینی كە پەیوەندی بە ریازەوە هەیە، دەوڵەمەندی بكەین ئەو پرۆژەیە، ئێمە چاوەڕێمان دەكرد رای ریازیەكان لە ڕۆژنامەكان بۆمان بێتن و، ئەوەی موختەسە و خەبیرە بۆمان بێتن بۆ لیژنەی قانونی، هەروەها ئێمە لە لیژنەی قانونی

دانەنیشتین بەشێوەیەکی تایبەتی کە بتوانین وەڵامی ئەنجومەن بدەینەوە و وەڵامی سەرۆکایەتی بدەینەوە، هەروەها لیژنەکانی تریش، یەعنی هەریەکی راپۆرتی موستەقیلی خۆی نەبوو پێشکەش بکاتن و، بۆ ئێمە کۆ ببێتەوە هەتا بتوانین مەجموعەکەی بەشێوەیەکی دروست و شیاو تر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رایەکەی جەنابت چیە؟

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رایەکەی من ئەوەیە ئەو دوو سێ ماددەیەی کە تێدایە ئەوەی زیکر نەکراوە، حەز دەکەین دەرج بکرێتن لەگەڵ ئەو ماددەیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حەمید میران.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە فەقەرەی چوار لە ماددەی پێنجەوە پرسیارێکم هەیە، لەمەو پێش مەنحی ئیجازەی ئەندیە و جەمعیات وەزارەتی ناوخۆ دەیدا، هەتا ئێستا وەزارەتی ناوخۆ ئیجازەی داوە، ئایا فەقەرەی چوار (منح الاجازة للاندية الرياضية وفقا للقانون) لە وەزارەتی ناوخۆ دەسەندرێتەوە و دەدرێ بە ئێمە؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز احمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کاتەکە کە وتمان دوو مانگ زۆرە، وەرزش وەرزی نییە، بەڵام بابەتی وەرزی تێدایە، لەبەر ئەوە بەدرێژایی رۆژانی ساڵ و هەر چوار وەرزیدا وەرزش هەیە، بەڵام هەندێ بابەتی وەرزش هەیە پەیوەندی بە هەندێ وەرزەوە هەیە، لەبەر ئەوە ماوە کە بەزۆر دەبینین، دوو مانگ یان سێ مانگ یان (٤٥) رۆژ بە تەواوتر دەبینین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحـــمـــد نقـــشــبندی:**

**بــەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەڕاستی ئەوەی مامۆستا مەلا طاهیر فەرمووی بەحەقیقەت زۆر ئاگادار نەبووم نازانم چی فەرموو لەبەر ئەوە لەوانەیە نەتوانم وەکو پێویست وەڵامی بدەمەوە، بەڵام ئەوەی کاک سەعید یەعقوبی فەرمووی ئەوەی خوێندییەوە لەوانەیە هی مەسەلەی لیژنەی ئۆلۆمپی بێت، هی ئێمە هەندێک تێکەڵە لە نێوان ئۆلۆمپیات و وەرزش شتێکی تێکەڵە لە هەردوو لایان هەوڵدراوە شتێکی لێ دەربچێت و، ئەو شتەش تا حەدێک وادیارە ئەو برادەرانەی کە دروستیان کردووە یان ئەوانەی کە پێی هەڵساون وادیارە تەسەوریان ئەوهایە دەتوانن تەعبیر لە تومووحی وەرزش بکات لە هەرێمی کوردستان و، هەروەها بتوانن ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن ئەوانەی تا ئێستا بەرپرسن لە بابەت وەرزشەوە، بۆیە بەڕای من خۆ بابەتی موحاسبی قانونی تێدایە دەڵێ حساباتی ئەنجومەن خازعی رەقابەی قانونییە کە خازعی رقابەی قانونییە بێت و،حساباتی ختامیشی دەکرێت موحاسب قانونیەن ئەو کاتە دەتوانێ پەیوەندی بە هەر موحاسبێکی قانونی بکات، یەکێک ئەگەر خازعی ئەوە بێت خۆی دەتوانێت بیکات پێی ناوێت بڵێ مادەم خازعی رەقابەیە دەتوانێ موحاسب قانونییەک بانگ بکات بڵێت تەدقیقی سجلات بکە و تەقریرێک بداتن بۆ دیوانی رەقابەی دارایی کە ئەو حساباتە قانونییە یان نا. بەڵام بەنیسبەت ئەوەی کاک حەمید فەرمووی بەڕاستی (٤ـ منح إجازات الأندية الرياضية وفقاً للقانون) مانای ئێمە تا ئێستا وا تێگەیشتوین بەڕاستی واتەفسیرمان کردووە کە ئەو نادییە بە سیفەتی وەرزشی ئەو حەقی هەیە بداتن نەک ئیجازەی کردنەوەی نادییەکە، مانای وەکو بڵێین ئەو نادییە شێوەی نادییەکە وەرزشییە یان وەرزشی نییە، بەینەما مۆڵەتەکە بەپێی قانونی جمعییات و یانەکان بەشێوەیەکی گشتی هەمموو دەبێت لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت وەربگرن، بەڵام ئایا ئەو یانەیە سیفەتێکی وەرزشی هەیە یان وەرزشی نییە ئەگەر وابێت یانە بێت مانای وایە هەموو یانەیەکی وەرزشی دەسەڵاتەکە لە وەزارەتی ناوخۆ دەسرێتەوە دەدرێتە ئەو دەستەیەی ئەو یانانە بکاتەوە، بەڵام ئەگەر تەنها لە ڕوی وەرزشی نەبێت بەڕاستی ئێستا وا ئینتباهی دەکەم (٤ـ منح إجازات الأندية الرياضية وفقاً للقانون) مانای وایە بەپێی ئەو قانونە دەتوانێت مۆڵەت بداتە یانەکان و، دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆ بەنیسبەت یانەی وەرزشی دیاردەکرێت مانای وایە درایە لایەکی تر.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. بەڕای ئێمە ئەو ماوەیەی کە خۆیان دایان ناوە لایەنێکی فەنی خۆیان تەقدیریان کردووە، یەعنی بۆ ئێمە بڵێین بە (٤٥) ڕۆژ و سێ مانگ ئەوەی بەڕێز کاک سیروان فەرمووی سێ مانگ بوو، کاک ئەحمەد فەرمووی (٤٥) ڕۆژ، ئەوان باسیان کردووە دوو مانگ وادیارە ئەوان دەتوانن ئەرکەکەی خۆیان لە خیلالی ئەو ماوەیە جێبەجێ بکەن، لەبەر ئەوە ئەو ماوەیە جێی ئەوە نییە ئێمە باسی لێ بکەین بەڕاستی چونکە لەوانەیە ئەوان لە ئێمە باشتر لێی بزانن ئەوەی کە دایناوە و بەرپرسە لە ئیشەکە باشتر لە ئێمە دەزانێ چۆن دەتوانێ و، فعلەن

کۆبوونەوەی ئیستسنائیش هەیە وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر فەرمووی هەر دەمێک پێویست بێت دەتوانن کۆبوونەوەی ئیستسنائی بکەن ئەگەر پێویست بوو، لەبەر ئەوە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێت باشترە. تەبعەن کاک ئەحمەد باسی ئیبرامی عقود و ئەو شتانەی کرد بەڕاستی ئیبرامی عقود لەوانەیە شتێکی هەندێک خەتەر بێت دەسەلاتێک بدرێتە لیژنەیەکی ئاسایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێک زووە، ئەنجومەنی وەزیرانە جیهاتی رەسمی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەلێ. ئیبرامی عقود تەرک بکەین بۆ جیهاتی رەسمی، بەلێ جیهاتی رەسمیمان هەیە کە ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ مەسائلی عقود، بەلام ئەوەی داوامان کرد تەفەروغە بۆنمونە دەبینی تەدریبێکی وەرزشی هەیە فرقەک لە فرقەکانی تۆپانێ (١٠) مونتەسبی دائیرەکانیان هەیە پێویستییان هەیە بە (١٥) رۆژ تەدریب بکەن، ئەو حەقەیان هەبێت داوا بکەن لە دائیرەکەیان بلێین ئەو (١٥) رۆژە ئەو دە پازدە کەسە تەفەروغ بکەن بۆ ئەو ئیشەی، تەبعەن داوا دەکات خۆی وەنییە بلێی ئەو حەقەی هەیە بدرێت، لەهەمان کاتیشدا فەرقیان هەیە بۆخۆیان بە ئیعتباری ئەوەی ئیستقراری داراییان هەیە، فرقەکی هەیە ئەمرۆ فرقەکی وەرزشی دەنێرێتە دهۆک بۆ حەقی نەبێت ئەو فرقەیە ئیفاد بکات بۆ دهۆک یان موافەقەی هەیە فرقەکە بچێتە دەرەوە مادام موافەقەتی هەیە، چونکە بەبێ موافەقەت ئیمکان نییە فرقەیەک بچێتە دەرەوە بۆیە با ئەو حەقەی هەبێت ئیفادیان بکات ئەو حەقەشی هەبێت داوای تەفەروغ بکات بۆ ئەو کەسانەی کە لە حەقلی وەرزشین ئەگەر پێویست بوو کاتێ کە پێداویستی وەرزشیان جێبەجێ دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خالی سێیەمی چی بوو بابەتی پێشتر کە تەرحت کرد؟ فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە لە بەشی دوو بێتە بەشی سێ، چونکە بەشی سێ دەست پێدەکات بە دەسەلات و مەهام بەڕاستی بۆ ئەوەی ماددەکان مونسەجیم بن لەگەڵ یەکتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە، ئەوانەی کە موقتەرەحاتیان هەیە بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة:**

اولاً/ تعقد الهيئة التنفيذية اجتماعاً اعتيادياً مرةً كل شهرين وللرئيس أو ثلثي اعضائها دعوتها لعقد اجتماع استثنائي.

ثانياً/تتولى الهيئة المهام الآتية:

١- وضع البرامج الرياضية للموسم الرياضي وعرضها على الهيئة العامة للمصادقة عليها.

٢- تحديد مهام ونشاطات اللجان الرياضية في المحافظات.

٣- تنظيم وتوزيع الاعانات المالية على النوادي والاتحادات الرياضية.

٤- منح الاجازات للأندية الرياضية وفقاً للقانون.

٥- إدارة المؤسسات والملاعب الرياضية.

٦- اقرار توحيد ناديين أو أكثر وفقاً للقانون.

٧- فرض العقوبات على الهيئات الادارية للنوادي والاتحادات الرياضية بما فيها الايقاف والحل في حالة خرقها القوانين والاعراف الرياضية.

٨- صلاحية إصدار اوامر الإيفاد داخل و خارج الإقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی پێنج پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی پێنج وەرگیرا، بەشی سێ ماددەی شەشەم فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

## الفصل الثالث

**المادة السادسة:**

إختصاصات الرئيس:

يتولى الرئيس الإختصاصات الآتية:

١- رئاسة جلسة الهيئة العامة و الهيئة التنفيذية.

٢- يمثل المجلس امام القضاء والجهات الحكومية الأخرى وغيرها وله تخويل غيره بذلك.

٣- توقيع العقود والاتفاقيات الرياضية وفق الأسس القانونية.

٤- التوقيع مع الامين المالي على أذونات الصرف أو الصكوك.

٥- تخويل بعض اختصاصاته الى نائب الرئيس.

٦- تعيين مهام وصلاحيات سكرتير المجلس والامين المالي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها خاڵی شەشەم دەبێت تەعدیل بکرێت (٦- تعیین مهام وصلاحیات سکرتیر الهیئة والامین المالي.) چونکە سکرتێر لە جێگای تر نەهاتووە تەنها لە دەستەی جێبەجێکردن هاتووە، نەوەک برادەران ئیلتباسێک توش بن کە دەڵێن (یمثل المجلس)نەک بڵێن (الهیئة التنفیذیة) چونکە ئەنجومەن هەمووی ئەوا لەوانەیە ئیقامەی دەعوایەک لەسەر ئەنجومەنی باڵا دەکرێ، ئەوە (یمثل المجلس أمام المحاکم) بۆیە بە وشەی (المجلس) هاتووە نەوەک یەکێک بڵێت بۆ (ممثل) هەیە (تنفیذی) نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام (الهیئة التنفیذیة) مانای ئەنجومەن؟ بەناوی ئەنجومەنەوە قسان دەکات سکرتێری دەستەی جێبەجێکردن سکرتێری ئەنجومەنە، سەرۆکی دەسەتەی جێبەجێکردن سەرۆکی ئەنجومەنە لەبەر ئەوە ئاساییە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەوەک ئیلتباسێک ببێت، چونکە وشەی سکرتێر تەنها لە دەستەی جێبەجێکردن لە برگە سێ هاتووە دامەزراندنی سکرتێر دیاری کردنی سکرتێر تەنها لێرە هاتووە، جا (٦- تعیین مهام وصلاحیات سکرتیر المجلس والامین المالي.) (المجلس) بکەینە ( الهیئة التنفیذیة والأمین المالي) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، وەکو فەرمووت دەستەی جێبەجێکردن مانای ئەنجومەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەی (السکرتیر والأمین المالي) بێت، بەبێ (المجلس)؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

(السکرتیر والأمین المالي) بەبێ (المجلس) بەڵێ دەبێت ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە دەبێ ڕوونبکرێتەوە لە شوێنێک، ئەنجومەنی دەستەی جێبەجێکردن بەناوی ئەنجومەنی باڵاوە قسان دەکات، سەرۆکی ئەنجومەنی دەستەی جێبەجێکردن سەرۆکی ئەنجومەنی باڵایە، سکرتێرەکەی سکرتێری ئەنجومەنی باڵایە. ئەوەشیان (٤- التوقیع مع الأمین المالي علی أذونات الصرف و الصکوك.) (أو) دەبێتە (واو)، ڕای لێژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جـــمـــيـل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن.**

خاڵی دوو (يمثل المجلس) ببێتە (تمثيل المجلس) مانای زمانەوانییە (٢- تمثيل المجلس امام القضاء والجهات الحكومية الأخرى وغيرها وله تخويل غيره بذلك.) ڕێکوپێکترە، هەروەها (أو) حەزفکرا لە پێش (الصكوك)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

لە جیاتی (اللجنة) (المجلس) وانییە؟.

**بەڕێز جـــمـــيـل عـــبـــدی سندی:**

بەڵێ (تمثيل المجلس أمام القضاء).

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

خۆی (مجلس)ە بەتەئکید ئەمە هەڵەی چاپە. ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز مـحـمـد سـعـيـد أحـمـد يعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە تکایە؟.

**بەڕێز سـرتيب مـحـمـد حسين(سيروان كـاكـەيی):**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن.**

تێبینییەکانی لیژنەکەمان بەم شێوەیە:

لەسەر وشەی (إختصاصات الرئيس) پێمان باشە بکرێتە (صلاحيات الرئيس)، خاڵی دووش لە جیاتی (اللجنة) بگوترێت (يمثل المجلس أمام القضاء)، لە خاڵی چوار تەنها (ال)ێک پێوبستە بۆ (التوقيع مع الأمين المالي)، خاڵی پێنجیش (٥- تخويل بعض اختصاصاته الى نائب الرئيس.) ئەوەش بکرێتە (صلاحيات) مانای لەکوێ (إختصاصات) هاتووە بکرێتە (صلاحيات) لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئەنجـــومـــەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندی تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەک بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت و زیاتر ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا بێت بگوترێت: (رئاسة جلسة الهيئة العامة وجلسات الهيئة التنفيذية) خاڵی شەشیش لابدرێت چونکە ئەوە زیاتر شیاوە دەسەڵاتی دەستە بێت نەک تەنها سەرۆک، لەگەڵ ڕێز و سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن ئەوەی دووەمیان چۆن بوو؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

خاڵی شەشەم کە دەڵێت: (٦- تعيين مهام وصلاحيات سكرتير المجلس والامين المالي.) ئەوە تەنها لەوەیا نییە شیاو نییە دەسەڵاتی سەرۆک بێت، ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنە، ئەوە ئەگەر پێشتر بهاتایا لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە؟ بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم پێم وایە بگوترێ (رئاسة جلسات الهيئة العامة و الهيئة التنفيذية) ئەو کاتە شموولی هەردووکیان دەکات، بەنیسبەت خاڵی شەشەمیش لە جیاتی وشەی (تعيين) وابزانم (تحديد) باشتر دەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم«د.رزگار»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی پێنجەم تێبینیم هەیە، (تفويض) لەگەڵ (تخويل ئیدارەدا) مەجازییەو کاتییە، مانای هی سەرۆک (منح بعض صلاحيات) لێرە برگەیەک هاتووە کەئینەما ئەرکێک ئیلزام پێ کردییە، ئەم برگەیە لە جێگای خۆی نابێنم حەق نییە لێرە بێت، تێبینی دووەم (توقيع الأمين المالي) شتێکی تەحصیل حاصلە سەرۆکی ئەنجومەن چ دێتە سەرفکردنێ بێ ئەو، چ سەرفیات بێ تەوقیعی سەرۆکی ئەنجومەن هەیە؟ بۆیە لێرە (توقيع الأمين المالي على أذونات الصرف) نابینم کە شتێکی زیاد بکات وەکو ئەرکێک یان ڕۆتینێکە بەنیسبەتی سەرۆکی، نازانم برادەرانی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەم برگەیە چ دەڵێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلامحمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێک نەما کە بیڵێم تەنها ئەوەی یەکەم (رئاسة جلسات الهيئة العامة والهيئة التنفيذية) چونکە هەمووی هەر جەلەساتە یەک و دوو نییە، ئاسایی هەیەو نائاسایش هەیە، (جلسات)ە هەموویان نەک (جلسە) هەر هەموویان، جا بۆ دەستەی جیبەجێکردن (جلسات) دووبارە ببێتەوە چونکە یەک جەلسە نییە هەردووکیان بەیەکەوە نایکەن، دانیشتنی جیاوازیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان پێشنیارێکی ئەوەمان کردووە لە ماددەی پێشتر (إبرام العقود و الإتفاقات الرياضية) لێرە هەر یەکسەر هاتۆتە سەر تەوقیع، جەنابت گوتت جارێک زووە، دەڵێت (توقيع العقود والأتفاقيات الرياضية) نەشگوتراوە لە ناوەوەی هەرێم یان دەرەوە، زۆر بە فراوانی هاتووە (وفق الأُسس القانونية) ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد پێشتر (ئیبرامی عقودەکان) بکرێت کە ئەوە دەسەڵاتی ئەنجومەنە، گەورەترە ئەوە نەکرا، عەلائەساس جارێک زووە ئەو ئیبرامی عقود و رێککەوتنی وەرزشیە لەبەر ئەوە ئەوەمان لەوێ دانابوو جا ئەگەر ئەوە بێ دەبێت ئەوەش لێرە لابدرێت ئەگەر ئەو (ئیبرامی عقود)ە لە دەسەڵاتی ئەنجومەن نەبێت، یان دیاری بکرێت ئەوە بۆ ناوەوەی هەرێمە یان بۆ دەرەوە ئەو تەوقیعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن با لە جەلسەو جەلەسات دەستی پێ بکەم، (١- رئاسة جلسة الهيئة العامة و الهيئة التنفيذية.) چ بگوترێت (جلسات) چ بگوترێت (جلسە) مانای هەر دانیشتنێک بکرێت ئەوە دەبێتە سەرۆک بۆی، با زۆر خۆمانی پێوە ماندوو نەکەین چونکە هەموو تاکێک لە یاسا دەلالەت لەسەر کۆ(جمع)یش دەکات لێرە کە دەڵێی دانیشتن مانای دانیشتن بوو ئەو سەرۆکە دانیشتن

نەبوو سەرۆک نییە. بەنیسبەت تەحدید و تەعین کاک د.ناصح فەرمووی، تەعینیش هەر دیارکردنە هەروەها تەحدیدش دیاری کردنە، تەحدید مانای وایە هەندێ دەسەڵات ڕوونەو سنووری بۆ دادەنرێت، تەعین ئەسڵەن ئەوە دەسەڵاتی دیار نییە بۆی دیار دەکات دەڵێ ئەوەی بکە دەستنیشانکردنە لەبەر ئەوە زۆر باش هاتووە. ئەوەی کە کاک رزگار فەرمووی (توقيع مع الأمين المـالـي) ئەوە زۆر زۆر پێویستە چونکە ئەوە پسپۆڕییە، مومارەسەی پسپۆڕییە، چونکە هەر چەکێک دوو تەوقیع نەبێت ئەو چەکە یان ئیزن بەسەرف بێت یان (أذونات الصرف) مانای وایە نابێت، ئیمکان هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ژمێریاری بچێت بەرپرسی داراییەکە چەکێک ئیمزا بکات و پارەکەش سەحب بکات دەبێ ئەوە جێگیر بکرێت بەرپرسی سەرفکردن لەگەڵ ژمێریاری پێکەوە، هەروەها بەرپرسی سەرفکردنیش بەتەنیا پێی نەکرێت بۆ ئەوەی ئەمینی دارایی پێکەوە دوو تەوقیع لەسەر ئەو چەکە یان لەسەر ئیزن بەسەرف بێت ئەوە بۆ سەلامەتی داراییە هیچیکەش نییە. بەنیسبەت ئەوەی کە کاک د.ئیدریس فەرمووی (توقيع عقود الأتفاقات الرياضية) لەوێ مەنعمان کردیە لێرە ئێستا دامانێ، لێرە نەمان دایتێ (توقيع الأتفاقيات وفق القانون) جێگایەک ئەگەر قانون ڕێی پێدابوو عەقدەکەش کامل بوو دەسەڵاتی دابووێ دەچێت ئیمزا دەکات، ئەویش بەشەرتێک دەبێت سیغەکی یاسایی هەبێت ئەوەی تەخویلی کردبێ چونکە نوسراوە (وفق الأُسس القانونية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

## الفصل الثالث

**المادة السادسة:**

إختصاصات الرئيس:

يتولى الرئيس الإختصاصات التالية:

١ـ رئاسة جلسة الهيئة العامة و الهيئة التنفيذية.

٢ـ تمثيل المجلس امام القضاء والجهات الحكومية الأخرى وغيرها وله تخويل غيره بذلك.

٣ـ توقيع العقود والاتفاقيات الرياضية وفق الأسس القانونية.

٤ـ التوقيع مع الأمين المالي على أذونات الصرف و الصكوك.

٥ـ تخويل بعض اختصاصاته الى نائب الرئيس.

٦ـ تعيين مهام وصلاحيات سكرتير المجلس والامين المالي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی شەش وەرگیرا، ماددەی حەفتەم فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**المادة السابعة:**

تتولى الهيئة العامة مايلي:

١- انتخاب الرئيس وأعضاء الهيئة التنفيذية عدا ممثلي الوزارات والخبراء الذين تم تعيينهم.

٢- مناقشة محاضر الاجتماعات السابقة.

٣- المصادقة على تقرير المجلس بشأن النشاطات و الخطط المختلفة للسنة الجديدة.

٤- مناقشة المقترحات المقدمة من قبل الاتحادات و الاندية الرياضية و تقديمها تحريرياً الى مكتب الاتحادات و الأندية في المجلس قبل شهر واحد على الاقل من بدء اجتماعها.

٥- المصادقة على تقرير الامين المالي للمجلس بخصوص الحسابات الختامية للسنة المالية السابقة.

٦- إعداد الميزانية السنوية للمجلس و تقديمها الى الجهات المعنية.

٧- تحديد شعار المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری دەقی ماددەکە دەکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە تکایە؟.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە ئەمە مەسەلەیەکی پسپۆڕییە لیژنەی دارایی و ئابوری بەڵام لیژنەی ئێمە بەم شێوەیە ڕای خۆی داوە: (المصادقة على الميزانية السنوية المقدمة من قبل الهيئة التنفيذية و تقديمها الى الجهات المعنية.) لە بڕگە شەشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موصادەقەی میزانیەی ساڵانە لە پەرلەمانە لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران وەکو هەر وەزارەتێکی و دائیرەیەکی تر تەقدیم دەکرێت بۆ پەرلەمان، موصادەقە لە پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆیە دەڵێین (نان بۆ نانەوا گۆشتیش بۆ قەساب).

**بەڕێز سرتیب محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر ئیشارەتم دا گوتم شتێکی پسپۆڕییە بەڵام لیژنەکەی ئێمە ئەو پێشنیارەی هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە سێ بەم شێوەیە پێشنیار دەکەین: (٣- المصادقة على تقرير المجلس بشأن النشاطات و الخطط السنوية) بڕگە پێنجیش بەم شێوەیە: (٥- المصادقة على تقرير الامين المالي للمجلس بخصوص الحسابات الختامية السنوية) بڕگە شەش لە جێگای (الجهات المعنية) بکرێت بە (الجهات المختصة) بڕگە حەوت ببێتە (التحديد والمصادقة على شعار المجلس)، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە؟ بەڕێز کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حـــــمـــــيـــــد سليم مـــــيـــــران:**

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ماددەی حەوت (تتولى الهيئة العامة مايلي :

١ـ انتخاب الرئيس وأعضاء الهيئة التنفيذية عدا ممثلي الوزارات والخبراء الذين تم تعيينهم.)

بەلام لە ضمنی ئەوانە روئەسای نەوادی هەیە ئەوەی کە مەعلومە هەموو نادییەک هەیئەی ئیداری خۆی هەیە بە هەلبـژاردن دادەنرێ و لە ضـمنی ئەوانە روئەسـای نادیش هەلدەبژێردرێت، ئینجا نازانم روئەسای نادی ئەم تەعـینی دەكات یان بەو هەلبژاردنە دادەنرێ یانی ئەگەر هەموو نادیەک وەکو وەحدەیەک خۆی سەرۆکی نادی دابنێ ئەوە حەقی ئەم نامێنێتەوە تەعینی بکات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئەندامی هەیئەی تەنفیزی وئەندامی نەوادی تێدا نییە؟ یەكێک لە ئەندامانی هەیئەی تەنفیزی مەسئولە لە نەوادی وئیـتـحـادات یانی کـاری سەرپەرشـتی نەوادی و ئیـتـحـاداتە، نەوادی و ئیتحادات بەجیا ئیشی خۆیان دەکەن، ئەوە خیلافی تێدا نییە، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابـراهـيـم ســـــعـــــيـــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوەی (عدا ممثلي الوزارات) ئێمە نوێنەری شبیبەشمان زیاد کرد لە پێشتر دەبێ عەدا ئەویش بێ (عدا ممثلي الوزارات والخبراء الذين تم تعينهم) ئەوەی شەبیبەش دەبێ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمد فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

منیش تێبـینیم هەیە لەسەر برگەکـانی (٧،٦،٥)ی مـاددە دوو مـەسـئولی ئەندیە و مـەسـئولی عـیلاقات ومەسئولی لیژنەکان، خۆیان بە بێ هەلبژاردنە نازانم مادام مەسئولی ئەندیەیە مانای وایە تۆماتیکیەن دەبێتە ئەندامی هەیئەی تەنفیزی.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

خۆی ئەندامی هەیئەی تەنفیزیە لە هەیئەی عامە هەلبژێردراوە و واجبەکەی ئیشراف دەکاتە سەر ئەندیە، یەک کەسە مەسئولە.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

بەلێ، دووەم لە برگـە سێ دەلێ (المصادقة على تقرير المجلس «الهيئة التنفيذية») چونکە

مەجلیس گەورەترە و مەعنویەن گەورەترە ومادیەن گەورەترە لە هەردووکیان (المصادقة على تقرير الهيئة التنفيذية) لە برگە پێنجیش (المصادقة على تقرير الامين المالي)، ئەگەر للمجلسی لەگەڵ نەبێت باشتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، نییە بەڕێز کاکەرەش ئەگەر وەڵامیان داتەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان وەڵامی ئەوەتان دایەوە فیعلەن هەیئەی عامەی ئیتحادات و نوادی هەمووی دێتە ئەو هەیئە عامە کۆدەبێتەوە لەوێندەر لەنێوان ئەوانە ئەو کەسانە هەڵدەبژێردرێن یەک دەبێتە سەرۆک ویەک دەبێتە جێگری سەرۆک ویەک دەبێتە مەسئولی ئەندیە و ئەوەی بەڕێزتان روونتان کردەوە و لایەنی دووەم ئەوەی کە (المصادقة على تقرير الامين المالي للمجلس ) دوو سێ جار وابزانم بەڕێزتان عەرزتان کرد هەیئەی تەنفیزی تەمسیلی مجلس دەکات مەجلیسە لە حەقیقەتدا لە ئیطارەکی عام هەیئەی تەنفیزی مەجلیسە لەبەر ئەوەی هەیئەی عامە دەبێ مصادەقە لەسەر تەقریرە کە بکات بە ئیعتیباری کۆبوونەوەکەش هی ساڵانەیە، هەیئەی عامە کۆبوونەوەکانی ساڵانەیە کە دێت ئەو تەقریرەی مالی کە دێت هی هەیئەی تەنفیزییە لە حەقیقەتدا کەتەمسیلی مجلس دەکات ومصادەقەی دەبێ لەسەر بکرێت تاکو ئیقراری بکات و حساباتی ختامی ئیقرار بکات لە بۆ ساڵی ئایندە ئیعدادی میزانیەکەشی بۆ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، بە تەعدیلەکەوە وبیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة السابعة:**

تتولى الهيئة العامة مايلي :

١- انتخاب الرئيس وأعضاء الهيئة التنفيذية عدا ممثلي الوزارات والشبيبة في كوردستان والخبراء .

٢- مناقشة محاضر الاجتماعات السابقة .

٣- المصادقة على تقرير المجلس بشأن النشاطات و الخطط المختلفة للسنة الجديدة .

٤- مناقشة المقترحات المقدمة من قبل الاتحادات و الاندية الرياضية و تقديمها تحريرياً الى مكتب الاتحادات و الأندية في المجلس قبل شهر واحد على الاقل من بدء اجتماعها .

٥- المصادقة على تقرير الامين المالي للمجلس بخصوص الحسابات الختامية للسنة المالية السابقة .

٦ـ إعداد الميزانية السنوية للمجلس و تقديمها الى الجهات المعنية.
٧ـ تحديد شعار المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی حەفت بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشت بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الثامنة:**

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً في نهاية كل سنة بدعوة تحريرية من المجلس يحدد فيها زمان و مكان الاجتماع ويرفق بها البيانات الآتية:
١ـ جدول الأعمال.
٢ـ تقرير مدقق الحسابات في المجلس.
٣ـ تقرير المحاسب القانوني مع الحسابات الختامية للسنة المالية السابقة.
٤ـ تخمينات الميزانية للسنة المقبلة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی ئێمە ئەوەیە برگەی سێ کە دەڵێ (تقرير المحاسب القانوني مع الحسابات الختامية للسنة المالية السابقة.) رای لیژنەی ئێمە حساباتی ختامی لێرە شەطب بکرێت و بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە (تقرير المحاسب القانوني للسنة المالية السابقة )حيث الحسابات الختامية لكل سنة لايمكن تقديمها في نهاية السنة نفسها وقد تم معالجتها في المادة السابقة المادة السابعة فقرة « ٥ »، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە بەو شێوەیە ئێمە بە چاکمان زانیوە ئەم ماددەیە هەر نەمێنێ، چونکە بەرنامەی کاروئەوانە لە ضمنی ماددەی پێشوتردایە حەتمەن ئەوانە جەدوەلی ئەعمالن موصادەقەی میزانیەو ئەو بڕگانەی کە پێشتر هاتوون و واش بۆی چووین ئێمە، مەسائیلی حسابی هەمووی لە بڕگەی پێنج و شەشدا کۆبۆتەوە لەوێ کۆتایی پێ دێت، لەبەر ئەوە بۆچونمان وایە کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ڕۆشنبیری تکایە.

**بەڕێز احمد سالارعبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بفەرموون بڕگە یەک بکرێ بە (جدول بالاعمال والنشاطات خلال السنة المالية مع تقيمها) بڕگە دوو ببێ بە (التقرير المالي ) لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش یەک تێبینی بچوکمان هەیە (بالدعوة التحريرية من الهيئة التنفيذية)، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەڕێز حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز حەمە علی توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی حساباتی ختامی لە هەموو ساڵێک لە مانگی پێنج دەبێت لەبەر ئەوەی سەری ساڵ ئەو کۆبوونەوە دەکرێ ناتوانێ حساباتی ختامی پێشکەش بکەن، بۆیە پشتگیری لە ڕایەکەی کاک جمیل دەکەین کە ئەوە هەڵگیرێ لەوێ تەقریری محاسب لەسەر ئوموری حسابی ئەو ساڵە

کیفایەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێروان فەرمووی ئەو ماددەیەی مەوزوعی حسابات و شتی وا لە ماددەی حەوت پێشتر گوتراوە لێرە پێویست ناکات، لەوێ لە مادده حەفت مەبدەئەکە بە سورەتێکی عامە، مەبدەئی ئیقراری میزانیە ومصادەقەو ئەوە لێرە هاتووە تەفریدی کردووە مەسەلە مەسەلەیەکی سەنویە لە ماوەی ساڵێک ئەوەی تر مەبدەء بە گشتی ئەوە ئیختیصاصاتی هەیئەی عامەیە، لێرە لەبەر ئەوەی زەروریە بوترێت و، ئیستینادەن لەسەر ئەو مەبدەئەش کە جەنابت زۆر جاران دووبارەی دەکەیەوە دەڵێین نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب، ئێمە تەدەخولی حسابات ناکەین، مانعمان نییە حساباتی ختامی ئەوان باشتری دەزانن دیارە لە ئێمە با لابچێت ئێمە لاریمان نییە لەڕووی یاساوە تەدەخولی ناکەین ئەوە ئیشێکی دارایی بەحتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە با جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الثامنة:**

تعقد الهيئة العامة اجتماعاً في نهاية كل سنة بدعوة تحريرية من الهيئة التنفيذية يحدد فيها زمان و مكان الاجتماع ويرفق بها البيانات الآتية:

١- جدول الأعمال.

٢- تقرير مدقق الحسابات في المجلس.

٣- تقرير المحاسب القانوني للسنة المالية السابقة.

٤- تخمينات الميزانية للسنة المقبلة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە مادده هەشت پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بە زۆرینەی دەنگ ماددەی هەشت وەرگیرا. بۆ پێشنیاری لیژنەی پێشمەرگە کە دەڵێ ئەو ماددەیە نەمێنێ، ئەو ماددەیە باسی ئەوە دەکات کە هەیئەی عامە لەسەر داوای هەیئەی تەنفیزی کۆدەبێتەوە بە نوسراوێک و بۆشی دیاری کردووە ئەو نوسراوە چی لەگەڵدا بێت لەبەرئەوە زەرووریە. ماددەی نۆ

بخوێننەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**المادة التاسعة:**

١- يكتمل النصاب القانوني لاجتماع الهيئة العامة بحضور ثلثي الاعضاء وبعكسه يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع إذ يعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد الاعضاء الحاضرين.

٢- اذا حالت ظروف طارئة دون اجتماع الهيئة العامة في الموعد المحدد وجب على المجلس تعيين موعد جديد للاجتماع و تبليغ الاعضاء بذلك.

٣- تعقد الهيئة العامة اجتماعاتها برئاسة الرئيس وعند غيابه تكون برئاسة نائبه.

٤- يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع في حالة غياب الرئيس و نائبه وعند عدم حضورهما في الاجتماع التالي تختارالهيئة العامة رئيساً للاجتماع من بين اعضاء المجلس.

٥- اذا بدأ اجتماع الهيئة العامة بالنصاب القانوني فلا يؤثر انسحاب الأعضاء الحاضرين و مهما بلغ عددهم على صحة قرارات الهيئة العامة.

٦- تصدر الهيئة العامة قراراتها بالأكثرية المطلقة وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يكون فيه الرئيس.

٧- يكون التصويت على قرارات الهئية العامة علنياً.

٨- لايحق لأي عضو من اعضاء الهيئة العامة الأشتراك في التصويت اذا كان طرفاً في الموضوع اوله مصلحة او منفعة فيه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە بڕگەی یەک تەعدیلێکی بخرێتە سەر ئەویش بەو شێوەیە بێت ( يكتمل النصاب القانوني لاجتماع الهيئة العامة بحضور ثلثي الاعضاء وبعكسه يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع إذ يعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث عدد الاعضاء.) یانی نەک (مهما بلغ عدد الاعضاء الحاضرين) سێیەکێک ئامادە بێت، بەنیسبەت بڕگە دووش (اذا حالت ظروف طارئة دون اجتماع الهيئة العامة في الموعد المحدد وجب على الهيئة التنفيذية تعيين موعد جديد للأجتماع و تبليغ الاعضاء بذلك.)على اساس دەعوەتە بنائەنی لەسەر بێت هەیئەی تەنفیزی مەوعیدێکی دابنێ و بڕگە پێنج پێویست ناکات هەر هەبێت چونکە ئەوەی قەرارات بە ئەکثریەت دەردەچێت (مهما بلغ عددهم على صحة القرارات) لەوانەیە کەسێک لە ژووری نامێنێ یەک کەس دوو کەس دەمێنێ، لەبەرئەوە، ئەوە پێویست نییە هەبێت، مادام دووسێیەکی ژمارەی

ئەندامانە ئەکثریەت قەرار دەدات لەوێ لەبەرئەوە ئەو برگە پێنجە پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش تەئییدی لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز احمد سالارعبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بفەرموون برگە پێنج نەمێنێ لەبەرئەوەی ئەو برگەیە بە پێچەوانەی هەردوو برگەی یەک و شەشی هەمان ماددەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤێ جارێ ڕای لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسا گەلەک نزیکی یەکن ڕای ئێمە تەنها لە برگە پێنج نییە کە نەمێنێ، ڕای لیژنەی ئێمە لە برگە هەشت هەروەکی لە ڕاپۆرتا مە هاتووە چونکە لەبەر حوریەتی ڕای وان با ئەویش ڕای خۆی بدات و تەصویتیش بکات وبۆ نموونە دە پازدە ئەندامن هەتا موتەعەلیقن بە شەخصێکیش ڕای خۆی با بدات و بەشداری تەصویتیش بکات ئەگەر لەسەر ناحەق بێت خۆی سەر ناکەوێت، لەبەرئەوە ڕای لیژنەی دارایی وئابووری ئەوەیە برگە پێنج و برگە هەشت هەردووک لابچن و نەمێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە، ڕای لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز سیروان محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەک تێبینی لەسەر برگە یەک هەیە ئەویش کە هاتووە (یکتمل النصاب القانوني لاجتماع الهيئة بحضور ....)تەنها وشەی (العامة) زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیضافە کراوە ئۆتۆماتیکیەن وایان خوێندەوە بەڵام بەنووسین نەنوسراوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە... کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس نەبووە لە هەیئەی عامە بە کەسێک بڵێ تۆ حەقی دەنگدانت نییە یانی با مەصلەحەتی تێدا هەبێت با مەنفەعەتی تێدا هەبێت یانی ئیعتیادیە کە دەنگی خۆی بداتن با ئەوانی تر هەمووی دژی بن ئەگەر دیتیان زۆر بەگوێرەی مەصلەحەتە ئەوانی تر دژی دەبن، بەڵام کەس نییە بڵێت تۆ حەقی دەنگدانت نییە ئینجا زەروریە بڕگە هەشت لابیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو تەعدیلەین کە عەرزم کردن لە پێشەکی ئەوەی کە ببێتە ثولث ئەوی تریش هەیئەی عامە، ئەوەی بڕگە پێنجیش دیارە کە هەموومان موتەفقین لەسەری، بەڵام خۆی بڕگە هەشت زۆر زەروریە کە بمێنێ چونکە ئەندامێک لە هەیئەی عامە خۆی شتێکی کردووە وەکو ئیستجوابێک بکرێ لەو هەیئەی عامە بانگ دەکرێ و تەقییم دەکرێ دەنگ زۆرە لە تەصویت، یانی ئێمە ئێستا دەڵێین (اذا تساوت الاصوات) ئەو لایەنەی کە سەرۆکی لەگەڵە تەصویت دەکرێ لەبۆ حەللی قەزیە لەوانەیە ئەو مەوزوعە حەسمی زۆر شت دەکات بە تەنها پەیوەندی بە خۆیەتی ، لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەک حەقی تەصویتی نییە ئێمەش بڵێین هیچ کەسێک حەقی نییە تەصویت بکات ئەوە قانونە کە دەرچوو قانون مەنعی دەکات لە تصویت هیچ موشکیلە نییە یانی ئەفراد نایکات قانون ئەو حەقەی ناداتێ مادام بە خۆی طەرەفە لە مەوزوع کە ئیسارە کراوە لەناو هەیئەی عامە حەقی تەصویتی نییە لەسەر ئەو قەزیە کە تصویتی بکات کێ لە مەصلەحەتی خۆی تەصویتی دەکات شتێکی زۆر زۆر تەبیعی یە و پێویست نییە با خەڵکی دی تەقییمی وەزعەکە بکەن ئەو با موحاید بێ و رای خۆی بدات وبڵێ من وام و وامە خۆی شەرح بکات و بەڵام بەشداری نەکات لە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری تکایە.

**بەڕێز محمود محمد محمود/وەزیری روشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده پێنج کە باس کراوە بۆ ئەوەی کە حەددی نیصابی قانونی بۆ ئەوەی ئینسیحاب نەکرێ بە حەقیقەت بۆ ئەوە بووە کە تەکەتولات تەئسیر نەکات، ئەو کەسانەی کە موخالیفن بۆ ئەوەی کە طەرحێک تەصویت نەکرێ و ڕای نەهێنێت لەجیاتی ئەوەی کە ئینسحاب بکەن با ڕەئی نەدەن بە تەرحەکە، لەناو وەرزشوانان ئەو شتە یەکجار زۆرە بەتایبەتی لە ناو نادییەکان جاری وا هەیە یەکتر دەگرن لە دژی مەوزوعێک لە جیاتی ئەوەی کە جەلسەکە تێک بدەن با تەئییدی تەرحەکە نەکەن، چونکە دەنگدانە مادام وایە با دەنگی نەدەنێ، ئەوە بووە ڕێگە گرتن لەو تەکەتولە. لە مادده هەشتیش بەحەقیقەت هەر ئەوەیە چونکە ڕەئیسی نادییەکان بەشدارن لەو کۆبوونەوانە زۆربەی جار لەوانەیە موحاسەبەی سەرۆکی نادییەکی تێدا هەبێت یاخود سەرۆک ئیتیحادێکی تێدابێت، ئەگەر خۆی بێت وەلامی خۆی بداتەوە ورای بدات لەوانەیە باش نەبێت بۆیە گوتومانە ئەوەی تێدا نەبێت یانی حەقی ڕەئی دانی نەبێت لەو مەوزوعە وەکو موحاسەبە کردنێک لەوێی داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من بڕگە پێنج وبڕگە هەشت هەردووکیان دژی دیموکراتیەتن، چونکە مەصلەحەت کێ تەحدیدی دەکات و مەرجیش نییە مەصلەحەت تەنها مەصلەحەتی ماددی بێت، لەوانەیە مەصلەحەتی مەعنەوی بێت مەوقفێکی موعەیەنی هەبێت یان ڕەئیەکی دابێت حەقی هەیە بێت دفاع لە ڕای خۆی بکات و بەشداری لە تەصویت بکات، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کە وەکو بڕگەی پێنج و بڕگە هەشت لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە بڕگە پێنج ڕەئی خۆمان دا کە بڕگە پێنج پێویست نییە، بەلام بڕگە هەشت بەرای من پەیوەندی بە دیموکراتیەتەوە نییە کابرا دێ وەزعی خۆی شەرح دەکات تەنها لە تەصویت بەشداری

ناکات، یانی رای خۆی دەدات و دفاع لە مەوقفی خۆی دەکات ئەگەر هاتوو وەزعەکە موتەعلیق بوو بەو دفاعەکی موستەمیت دەکات لە خۆی لە ناو خەڵکەکە ولەوانەیە بتوانێ لە ئەنجامی دفاعەکە کەسبی ئاراء بۆ خۆی بکات، بەلاّم مەفروز نییە خۆشی حەقی تەصویتی هەبێ لەسەر قەزیەک کە عیلاقەی بە خۆی هەبێ و بەتەئکید لە مەصلەحەتی خۆی تەصویت دەکات، لەبەر ئەوەی پێویست نییە با خەڵکێکی تر ئەو وەکو موحاید لە ناو قاعەکە بمێنێ و هیچ خەرقێک نییە بۆ دیموکراتیەت کە کابرایەک موزنیب بێ حەقی تەصویتی نەدەیەیێ بڵێی تەصویت مەکە لە مەصلەحەتی خۆت لێگەڕێ با خەڵکی تر تەصویت بکات، خەڵک بڕیار بدات ئیشەکەت راستە یان خەڵەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆزێک شەرحی بڕگە هەشت بکەین، جارێ بەو جۆرەی نوسراوە موفەق نییە ( اذا كان طرفاً في الموضوع اوله مصلحة او منفعة فيه.) حەقی نییە دەنگ بدات (طرف في الموضوع) مەرج نییە محاسەبە بێت ، باسی فتبۆڵ دەکرێ سەرۆکی نادییەکی فتبۆڵ ناتوانێ رەئی بدات، یان باسی مەوزعێک دەکرێ پەیوەندی بە جۆرە وەرزشێک هەیە بە جۆرە ئیشێک هەیە پەیوەندی بە جۆرە ئیشێکەوە هەیە کە پەیوەندی بەو ئیتیحادەی ئەوەوە هەیە لەدوایی کێ تەقدیری دەکات ئەم شەخصە مەصلەحەت یان مەنفەعەتی هەیە لە شتەکە هەتا ئەگەر مەصلەحەت و مەنفەعەتی هەبێت مادام عەضوی هەیئەی عامەیە وەکو ئەندامانی پەرلەمان مادام ئێوە ئەندامی پەرلەمانن ئەوەی موزارع بێت دفاع لە حەقی موزارعین دەکات وئەوەی مامۆستا بێت دفاع لە حەقی مامۆستایان دەکات وئەوەی ئەندازیار بێت دفاع لە حەقی ئەندازیاران دەکات هەر کەسە دفاع لە مەصلەحەتی خۆی دەکات لە تەبەقەی خۆی دەکات، یانی ئەو قسەی کاک فرست دەیڵێ کەئێمە هەر چۆنێک بێت لێکی بدەینەوە لەگەڵ دیموکراتیەتدا تۆزێک دوورە و لەگەڵ حەقی ئینسانیشدا تۆزێک دوورە مادام عضوە لە هەیئەتەکە حەقی تەصویتی هەیە و نابێ عضو بێت ئەگەر ئەو شتەی ئەو طرحی دەکات باش بێت و دیارە مەصلەحەتی ئەو مەفروزە عەضوەکانی تر دەنگی بۆ نەدەن یان ئینسانێکی وا دانانرێ کە مەصلەحەتی خۆی هەڵدەبژێرێ لە هەیئەتەکە ئەبێ ئەو حسابانە بکرێن یانی بە عام ئاوها نانوسرێت تەصور دەکەین ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێ بتوانین بە ئاسانی بەبێ تەصویت لایببەین لە مەوزوعەکە ئەگەر ئیعترازی نەبێ هەر بۆ ئەوەی کە قانونەکەش شێوەیەکی دیموکراتی روونتری هەبێ بڕگەی هەشت وپێنج ئەگەر لابرێ تەصور دەکەم رووە دیموکراتیەکەی زیاتر دەبێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بڕگەی بێنج پەسەند دەکەن کە لابرێ دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بڕگەی پێنج بەگشتی دەنگ وەرگیرا. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن کە بڕگەی هەشت لابرێ دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی

ناکات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددە کە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**المادة التاسعة:**

١ـ يكتمل النصاب القانوني لاجتماع الهيئة العامة بحضور ثلثي الاعضاء وبعكسه يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع إذ يعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث عدد الاعضاء الحاضرين.

٢ـ اذا حالت ظروف طارئة دون اجتماع الهيئة العامة في الموعد المحدد وجب على الهيئة التنفيذية تعيين موعد جديد للأجتماع و تبليغ الاعضاء بذلك.

٣ـ تعقد الهيئة العامة اجتماعاتها برئاسة الرئيس وعند غيابه تكون برئاسة نائبه.

٤ـ يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع في حالة غياب الرئيس و نائبه وعند عدم حضورهما في الاجتماع التالي تختارالهيئة العامة رئيساً للاجتماع من بين اعضاء المجلس.

٥ـ تصدر الهيئة العامة قراراتها بالأكثرية المطلقة وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يكون فيه الرئيس.

٦ـ يكون التصويت على قرارات الهئية العامة علنياً.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکایە بڕگەی یەک جارێکی تر بخوێنەوە واضح نەبوو لای ئێمە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

١ـ يكتمل النصاب القانوني لاجتماع الهيئة العامة بحضور ثلثي الاعضاء وبعكسه يؤجل الاجتماع لمدة اسبوع إذ يعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث عدد الاعضاء الحاضرين.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەین کە ماددە نۆ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی نۆ بەگشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی دە بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**المادة العاشرة:**

١ـ يجوز للرئيس او ثلثي اعضاء المجلس دعوة الهيئة العامة لأجتماع استثنائي لمناقشة القضايا الهامة.

٢ـ لا يجوز للهيئة العامة عقد اجتماع استثنائي للنظر في موضوع سبق البت فيه الا بعد مضي ستة اشهر على الاجتماع الذي تم البت فيه.

٣ـ تتبع في الاجتماعات الاستثنائية الاجراءات المتبعة في الاجتماعات الاعتيادية.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تێبینی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

تێبینی ئێمە بەنیسبەت فەقەرە یەک (للرئیس او ثلثي اعضاء الهیئة التنفیذیة) و بڕگە سێش پێویست ناکات چونکە (تتبع في الاجتماعات) هەر هەمان شتە هەمان ئیجرائاتە لەبەر ئەوە پێویست نییە لە ئیجتماعاتی ئیستثنائی هەمان ئیجرائآت بکرێت شتێکی زۆر زۆر تەبعی یە وهەر هەمان ئیجرائات دەکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

بەڵام بنوسرێ باشتر نییە؟ لەوانەیە مەبەستیان ئەو نوسراوە بێت کە ئەو مورفەقاتەش بێت، رای لیژنەی رۆشنبیری تکایە.

**بەڕێز احـــمـــد ســـالار عـــبـــدالواحـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بۆ بڕگە دوو سێ مانگ لە بری شەش مانگ بێت، لەبەرئەوەی ماوەی شەش مانگ بەزۆر دەبینین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

رای لیژنەی پێشمەرگە تکایە.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بـەڕێز جـــمـــیـل عـــبـــدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئێمە تەئییدی ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجــــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی لیژنەی ناوخۆ.

**بـەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئییدی نەصی ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە..مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لمناقشة القضايا المهيأة) کام هەیئە؟ (لمناقشة قضايا تخص الهيئة التنفيذية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

للقضايا المهيأه.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

داوای لێبوردن دەکەم ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە (للرئيس او ثلثي اعضاء المجلس دعوة الهيئة العامة لاجتماع استثنائي)، وانییە ئیجتیماعەکە ئیستثنائیە لەبەرئەوە قەضایای عام نییە (لمناقشة القضايا المهيأة) فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەڵەی چاپە (للمناقشة قضايا الهامة) هەر بە مەبەستی لیژنەی ئۆلۆمپی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو عادەت ئیجتماعاتی ئیستیسنائی بە بابەتێ موستەجیدن و گرنگی پێدەخوازی لەو بێتە داخوازیا بێتە کرنێ و زێدەتر مرونە هەبێت بۆ گرێ دانا بابەتێکی تازە هاتە پێش من دەبینم (ثلثی) گەلەک ژمارەیەکی مەزنە وپێشنیار دەکەم ثلث بێت سەرەڕای هەندێ کە ئیجتماعات قراراتێ مەجلیسێ بە ئەکثریە یانی تەئسیری ناکات وئەو قەراراتێت و اجتماعات موستەجید دەربچێت یان تازە بابەت تەئسیری لە قەراری تۆ نابێت چونکە ئەکثریەی موتلەق هەیە و لەبەر هەندێ من پێشنیار دەکەم ثلثی ببێتە ثلث، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیعتیادی وەک قاعیدەیەک ئیجتیماعاتی ئیستیسنائی دەبێ پێش وەخت مەوزوعەکان بێتە تەهیئە کرن ودیاری بکرێن وزیاتر لەو مەوزوعانە نابێت بێتە ناو بەرنامەی کار، لەبەر ئەوە ئەگەر هامە بێت مەوزوعەکە مەفتوح دەمێنێت بەرنامەی کار، بەرای من باشترە (القضايا المهيأة) یان (المحدده) شتێکی وا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی تەبیعەتی ئیجتیماعاتی ئیستیسنائی بەو شێوەیە خۆی قەزیەکی محدده و موعەیەنە ویستوبانە بەڵام تەدقیقیان نەکردووە، بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک احمد فەرموو کە شەش مانگ زۆرە سێ مانگ بێت، خۆی شەش مانگ باشترە لە سێ مانگ لەبەر چی؟ چونکە ئیجتیماعەکە ئیستیسنائیە و دووەم بەخۆی هەیئەی عامە ساڵێ جارێک کۆ دەبێتەوە یانی لەو بەینە جارێکی ئیستثنائی تەماشا بکرێ وخلالی سێ مانگ تەماشا بکرێ ولەبەر ئەوەی شەش مانگ دەکاتە نیو ساڵ کە ئەوەی تێدا کۆدەبێتەوە بەسەر قەزیەکەدا بڕوا یانی سێ مانگ جارێک و هەر قەزیەک دووبارە بکرێتەوە لەوانەشە وەکو پێویست نەڕوا هەموو قەزیەک بەتی تێدا کراو دیسان سێ مانگی تر ئیسارە بکرێتەوە لەبەر ئەوە شەش مانگ زۆر زۆر باشە و لەجێی خۆیەتی و تەصور ناکەم شتێکی تر وا هەبێت، ئەوەی کە جەنابتان فەرمووتان (القضايا الهامة) نییە (محددة)ە چونکە ئەوەی بەڕێز جەنابی سکرتێر فەرمووی دەعوای ئیستیثنائی دایمەن لە بۆ ئەو قەزایانە دەبێت کە تحدید دەکرێ لە جەدوەلی ئەو جەدوەلەی کە رفع دەکات هەیئەی تەنفیزی دەڵێ بۆ ئەو ئیشە مانای وایە تەنها ئەو ئیشە باس دەکرێ ئیشی تر باس ناکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر ئەو ماددەیە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة العاشرة:**

١ـ يجوز للرئيس او ثلثي اعضاء المجلس دعوة الهيئة العامة لإجتماع استثنائي لمناقشة القضايا

الهامة.
٢- لا يجوز للهيئة العامة عقد اجتماع استثنائي للنظر في موضوع سبق البت فيه الا بعد مضي ستة اشهر على الاجتماع الذي تم البت فيه.
٣- تتبع في الاجتماعات الاستثنائية الاجراءات المتبعة في الاجتماعات الاعتيادية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددە دە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو ئەندامە بەڕێزانە کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددە دە بەگشتی دەنگ وەرگیرا.
بەڕێزان سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم کارێکی زۆرمان کرد و ئیشەکەمان بە ئاسانی بەڕێوە چوو، لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دانیشتنی داهاتوومان (٦/٣٠)ەو دوا دانیشتن دەبێ لەم خولەدا. تکا لە ئەندامانی بەڕێز دەکەم کە هەموویان ئامادە بن.

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦)**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٦/٣٠

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣٦)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٣٠/٦/٢٠٠٢

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٣٠/٦/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣٦)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی کار:***

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣٦)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٣٠/٦/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:*

*١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای وەرزش لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.*

*٢- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە.*

*٣- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٣٦)ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری داد و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەم بۆ بەشداربوون لەم دانیشتنەدا، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان لە سێ خاڵ پێکهاتووە:

١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای وەرزش لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٢- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە.

٣- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە.

بۆ ئەوەی دەست بەکاربین تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لە دانیشتنی پێشوو لەسەر

سەكۆيەكە ئامادەبوون بفەرموونە سەر سەكۆيەكە، لە دانيشتنی (٢٥)ی ئەنجومەن نيشتمانيی كوردستان گەيشتينە بەشی چوارەم (الأحكام المالية)، تكايە ماددەی (١١) بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شيروان ناصح حيدری:**

الفصل الرابع

الاحكام المالية

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المجلس مما يلي:

١- المبالغ المخصصة له ضمن ميزانية الاقليم.

٢- أرباح المؤسسات والملاعب الرياضية التابعة للمجلس.

٣- ايجار اموال المجلس المنقولة و غير المنقولة.

٤- المعونات والهبات.

٥- رسوم اجازات فتح الملاعب والنوادي الرياضية التي تدار من قبل القطاع الخاص ورسوم تجديدها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاڵی پێنجەم جارێكی تر بخوێنەوە تكايە؟.

**بەڕێز شيروان ناصح حيدری:**

٥- رسوم اجازات فتح الملاعب والنوادي الرياضية التي تدار من قبل القطاع الخاص ورسوم تجديدها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(وتجديدها) نوسراوە؟ (رسوم)ی ناوێت. ڕای ليژنەی ياسايی تكايە؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبينيمان نيیە لەسەر ماددەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای ليژنەی دارايی تكايە؟.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە برگە دوو هاتووە (٢- أرباح المؤسسات والملاعب الرياضية التابعة للمجلس.) وشەی (أرباح) پێشنيار دەكەم بسرێتەوە لە جێگای بێتن (إيرادات المؤسسات والملاعب الرياضية التابعة

للمجلس) چونکه لێره ڕەبح نییه، ئێمه دەبینین (إيرادات) باشتره، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی پێشمەرگە تکایە؟.

**بەڕێز سرتيب محمد حسين «سيروان كاكەيی»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی ڕۆشنبیری تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنییارمان لەسەر بڕگە چوار بەم شێوەیە:

(٤ـ المعونات والهبات وبعلم الجهات المختصة) لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر پێشنییارەکەی لێژنەی دارایی، لێژنەی یاسایی هیچ ڕەئیتان هەیە وشەی (أرباح) بگۆڕێت؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرق ناکات بەنیسبەت ئێمە با (إيرادات) بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی تێبینی هەیە دەستی بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن؟ کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی خاڵی چوارەم موطلەقی هاتووە (المعونات والهبات) جا لێره هەر شتێک کە لە ناوەوەی هەرێم بێت یان لە دەرەوەی هەرێم بێت ئیحتماله هەبێتن، لێره ئەگەر سنورێک هەبێتن چونکە هەموو نەقابەیەک و هەموو موئەسەساتێکی ئێمە یەک گوتی (المنح الرسمية وشبه الرسمية) دروستە، باشتر وایە (المعونات والهبات من الجهات الأخرى وبموافقة الجهات المختصة) ی تێدا هەبێتن چونکە پارەی ئەمڕۆکە دەوری خۆی هەیە، ئیحتیماله هەیە گەلێک شتیش لێ بێتەکرن و،

تا شبوهاتیش نەمێنێت کە خەڵکێک توهمەیەکی بداتە پاڵ خەڵکێکی تر وبڵێ ئەم پارەیە لەکوێ هاتووە، لەوانەیە لە دەرەوە بێتن لەبەر ئەوە با ئەم مەرجەی تێدابێت گەلێک باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الجهات المختصة) کێن.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

(الجهات المختصة) وەکو ئەنجومەنی وەزیران بۆ نمونە ئاگادار بێتن یان وەزارەتی دارایی ئاگادار بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ئەنجومەنە خۆی عائیدی ئەنجومەنی وەزیرانە؟ ئەمە نەقابە نییە شتێکی خاریجی نییە خۆی عائیدی ئەنجومەنی وەزیرانە، مانای بۆ خۆی لایەنی بەرپرسە.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە دەرەوە نەیەتن وەرگرتن تەواوە و دروستە، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەش بێتە وەرگرتن ئەنجومەنی وەزیران پێ ی دەزانێت؟ چونکە عائیدی ئەوانە. بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگە چوار (المعونات والهبات) حەق وایە ئیزافەی (وەسایەو هەدایە)ش بکرێت چونکە لەزۆر نەقابە ئەوە هاتووە لەگەڵ (معونات و هبات) وەسایەش هاتووە، کابرایەک ریازیيە کە دەمرێت دەڵێت من وەسیەت دەکەم ماڵەکەم بۆ ئەنجومەنی وەرزشی باڵا بێت، هەروەها بەنیسبەت برگەیەکی تازە زیادبکرێت تەبعەن لە هەموو نەقابات و دەزگاکانی هەرێم هاتووە کە دەڵێت: ئەموالی نەقدی خۆیان دەبێ ئیداع بکەن لە یەک لە بانقەکان. پێشنیارەکەشم بەم جۆرەیە بێتە خالی شەش لەم ماددەیە: (علی المجلس الأعلی للریاضة أن تودع أمواله النقدیة بأسمها لدی أحد المصارف، علیه أن یبلغ الجهات المعنیة عند تغییر المصرف الذي أودعت لدیه أمواله خلال أسبوع من حدوثه) لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەکان کامیان وەڵام دەداتەوە؟ بابەتەکە داراییە ئەگەر جەنابت وەڵام بدیتەوە خراپ نییە؟ لە دوای لیژنەی یاسایی وەڵامیان بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بابەتی دارایی دەگەڕێتەوە بۆ تەفتیشی رەقابەی دارایی، خۆی مولزەمە و ئیلتزام بە قەوانین و تەعلیماتی دارایی دەکاتن، لەبەر ئەوە سەرفی پارەش پێش ئێستا هاتووە، دەبێت بۆ سەرف لەگەڵ سەرۆک و ئەمینی دارایی هەموو چەکێک تەوقیع بکەن لەگەڵی، لەبەر ئەوە پێویست ناکاتن چونکە پێش ئێستاش هاتووە و، ماددەی دوای ئەویش بێتن حساباتی ئەنجومەن خازعە بۆ تەفتیشی دیوانی رەقابە و مولتەزیمە بە هەموو تەعلیماتی دارایی، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هیچ بڕگەیەکی تر زیادبکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

میزانیەکەشی بەشێکە لە میزانیەی هەرێم، لیژنەی یاسایی هیچ تەعقیبێکتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو ڕایەی کاک جەمیل فەرمووی هەیە، مەسەلەی وەسایە و مەعونات ئەویش هەر لە زمنی مەعوناتە، کە یەکێک وەسیەت بکات شتێکی مەعنەوییە هەر یارمەتی دانێکە پێی ناوێت ئاساییە هەر مەعونەتێک وەردەگیرێت. دووەم ئەوەی کە بەڕێزتان فەرمووتان فعلەن ئەو مەربوتی ئەنجومەنی وەزیرانە وەکو دائیرەیەکە سەربەئەوە، لەبەر ئەوە کردنەوەی حسابی لەوێ لەوانەیە تەوجیهات وشتی وا هەمووی لە ئەنجومەن وەردەگیرێت، کردنەوەی حساب و ئەو شتانە ئەنجومەن دایدەنێت بە چ شێوەیەکە و میزانییەکە چۆن دادەنرێت ڕاستە وەکو فەرمووتان بەشێکە لە میزانییە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین کردنەوەی حساب شتێکی زۆر ئاساییە ئەو بڕیارە دەردەکات کەحساباتی لە بانق دابنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بەو گۆڕانکاریەی کە کراوە تیایدا بیخوێنەوە تکایە جارێکی تر؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الحادية عشرة:

تتكون مالية المجلس مما يلي:

١- المبالغ المخصصة له ضمن ميزانية الاقليم.

٢- إيرادات المؤسسات والملاعب الرياضية التابعة للمجلس.

٣- ايجار اموال المجلس المنقولة و غير المنقولة.

٤- المعونات والهبات.

٥ـ رسوم اجازات فتح الملاعب والنوادي الرياضية التي تدار من قبل القطاع الخاص وتجديدها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە جیاتی (إیرادات) تەنها (إیراد) کافییە بە تاک بێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١١) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١١) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٢) تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية عشرة:

تخضع حسابات المجلس لتفتيش ديوان الرقابة المالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئێمە وشەیەکی موتڵەق بێتن باشە (تخضع حسابات المجلس للرقابة المالية) بۆ ئەوەی نەک هەر دیوان بەتەنها بەڵکو وەزارەتی داراییش ئەو حەقەیان هەبێت تەحقیقی سجلاتیان بکات تەنها هەر دیوان نا (تخضع حسابات المجلس للرقابة المالية) کە رەقابەی دارایی بێت کەواتە دیوان و وەزارەتی دارایی هەموو دەتوانن رەقابە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەمە بەڕێز وەزیری دارایی؟ ڕای لێژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر دەقەکە هەر وەکو خۆی بمێنێت هیچ گرفت نییە، چونکە مادەم میزانییە دێتە تەصدیق کردن مانای خازعە بۆ رەقابەی وەزارەتی دارایی، ئەو شتەی خازع بێت بۆ دیوانی رەقابەی دارایی هەر خازعە بۆ رەقابەی وەزارەتی داراییش، ئەگەر بشگۆڕێت هیچ تەئسیری نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نییەتی خراپە هەبێت؟ خراپ تەئویل دەکرێت، ئەوە بەم شێوەیە نییەتی خراپە هەبێت، دەڵێت تەنها رەقابەی دارایی حەقی هەیە لەوانەیە گۆڕانکاریەکە خراپ نەبێت، ڕای لێژنەی پێشمەرگە تکایە؟.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین«سیروان کاکەیی» :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییەو پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕای لیژنەی کاروباری یاساییین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خەدەماتیش؟ لەگەڵ ئێوەن مانای ئێوە لیژنەی یاسایی و مولحەقاتن؟.

**بەڕێز شفیق امین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردەو تەندروستیتان لەگەڵە؟ باشە. جا ئێمە ئەو پێشنییارەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو تەندروستی دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە بیخوێنەوە جارێکی تر.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

تخضع حسابات المجلس للرقابة المالية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١٢) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە،

ماددەی (١٢) بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەندکرا، ماددەی (١٣) تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان ناصح حـــیـــــدری:**

المادة الثالثة عشرة:

١ـ تكون مدة الهيئة التنفيذية اربع سنوات تقويمية على ان يجري اختيار اعضائها بعد كل دورة اولمبية مباشرة سواء اقيمت أو لم تقم.

٢ـ تكون مدة الهيئة التنفيذية الاولى أربع سنوات تقويمية بعد انتهاء الدورة الاولمبية الحالية.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کـــاکــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، کاتی خۆشی بۆ ڕوونکردنەوە جەماعەتمان بانگکرد تەبعەن وادیارە هەڵبژاردنەکە و تەعینەکە دەستەی ئەنجومەن ئێستا هەڵبژاردنەکە ناکات، ئەو یەکێتیانەو ئەوانەی هەیە ئەو دەستەی جێبەجێکردنە کە دروستکراوە ئێستا تەقریبەن عەمەلییە، ئەوە چوار ساڵ دەبێت پاشان بەو قۆناغانە دابڕوات ئەگەر ئەم عەمەلیەتەی نەکەین ئەبێ لیژنەکی تەحزیری تەشکیل بکەین ئەم لیژنەیەش داوا پێشکەش بکات و، ئیعتیادی هەڵبژادنەکە بکرێت لەنێوان دەستەی جێبەجێکردن، بەڵام وادیارە بەتەواوی هەیکەلەکە دانراوە و ئێستا وا چەند ساڵە ئیش دەکەن، لەبەر ئەوەی چوار ساڵەکەیان بۆ جێگیر کراوە هەر وەکو دەورەیەکی مونتەخەب ئیشەکەی خۆیان بکەن هەتا دەورەی ئایندە ئینتخاب دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی پێشمەرگە تکایە؟.

**بەڕێز سـرتیب مـحـمـد حسین«سیـروان کـاکـەیی»:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هیچ تێبینیمان نییەو پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ڕۆشنبیری تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست بەبوونی برگە دوو ناکات لەبەر ئەوەی لە برگە یەک دیاری کراوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامتان هەیە لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەنها ئیکتفا بکەین بە برگە یەک ئەبێ لیژنەیەکی تەحزیری تەشکیل بکەین، لیژنەی تەحزیری داوای هەڵبژاردن بکات هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئێستا دەستەی جێبەجێکردن بەتەواوی ئامادەن ئیش و کاری خۆیان دەکەن، بەقانون حەقەکەیان بۆ جێگیر دەکرێت مومارەسەی ئەو ئیشە بکەن بۆ ماوەی چوار ساڵ پاشی ئەو چوار ساڵە ئۆتۆماتیکییەن قانونەکە عەمەلییەن تەنفیز دەکرێت بەگوێرەی هەڵبژاردن و دەستەی گشتی، ئیعتیبادی دەستەی جێبەجێکردن هەر چوار ساڵێک پاشی هەر دەورەیەکی ئۆلۆمپی هەڵبژاردنی دەکات، ئەگەر نەصی دووەم نەڵێین ئەبێ لیژنەی تەنفیزی تەشکیل بکەین فەورەن هەڵبژاردن بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من ڕوونکردنەوەیەک بدەم چۆنی لێ تێدەگەم بۆ ئەوەی کاک أحمەدیش لێی تێبگات، ئیعتیبادی دوای هەر دەورەیەکی ئۆلۆمپی هەڵدەبژێردرێت بۆ چوار ساڵ موباشەرەتەن دوای هەر دەورەیەکی پۆلۆمپی، ئێستا تەعین کراوە دەورەی ئۆلۆمپی ساڵێک یان دوو ساڵی ماوە، کە دوو ساڵەکە تەواو بوو چوار ساڵی تریش حەقیان هەیە ئەم لیژنەی ئێستا ، مەبەستییان ئەوەیە حکومەت مادەم مەبەستییان ئەوەیە ئێمەش دەڵێین مەبەستی ئەوان لە جێگای خۆیەتی، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە؟ مانای ئێستا ئەگەر ئەم لیژنە جێبەجێکردنە هەر دوو ساڵ کار دەکات ئەبێ ئەو کاتە یەکێکی تازە هەڵبژێرن، ئێمە نامانەوێ

یەکێکی تازە هەڵبژێرن دەمانەوێت بەردەوام بێ یەعنی شەش ساڵ پێنج ساڵ، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەورەی ئۆڵۆمپی دابێتێ ساڵی (٢٠٠٤)ە لە ئەسینا دەکرێتێ مانگی شەش، مانای وایە دوو ساڵی ماوە بۆ ئەم دەورەیە، ئەم دەستەیە بۆ ماوەی شەش ساڵ دەبێت، ئینجا وەکو دەڵێن بە زمانی ریازیان کێ ئەو ئەدڤانتجە دادەتێ؟ بۆ ئەم ئەدڤانتجە وەربگرێت شەش ساڵ بۆ ئەمیش چوار ساڵ نەبێت لەبەر چی مەبەستم ئەو زیادە نەبێتێ، چونکە ئەسڵەن ئێمە نوێنەرمان نییە لە لیژنەی ئۆڵۆمپی جیهانی چونکە تەنها دەوڵەتان قبوڵ دەکەن هەرێم ئەندام نییە لەناو مەجلیسا، جا وابزانم هەر چوار ساڵەکە بەسە، مەبەستم بەتەواوی ئەوەیە ئێمە خۆمان تەحدید نەکەین لەگەڵ دەورەی ئۆڵۆمپی چونکە ئەنجومەنی ئێمە چ کەسێکمان نییە موشارەکە بکاتێ تاکو بڵێین بۆ نمونە زەعیف بووە لە ئەنجومەنەکە با هەڵبژاردنێکی تر بکەین ئەو ئەنجومەنە بگۆڕین چونکە وەرزشوانی ئێمە دەوریان نەدیوە لەم دەورەی ئۆڵۆمپییە، من دەڵێم تەنها چوار ساڵەکە بەسەو خۆمان تەحدید نەکەین بە دەورە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامیان بدەنەوە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر وای لێ بکەین دەبی دەقی ئەو ماددەیە تەعدیل بکەین و بڵێین: ئەو دەورەیە حالی دەبێت ماوەی دوو ساڵ، بەڵام لە ڕاستی دا ئەوانە دروستکراون حازرن چ زەرەری ئەوەی نییە بە ئیعتباری ئیش و کار دەکەن، دووەمیش شەش ساڵ ببێتە چوار ساڵ وەکو کاک ئیبراهیم فەرمووی کە گوایە کەسمان نییە بچێت کێ دەڵێت لەم ماوەیە خەڵکمان نابێت، لەوانەیە خەڵکمان هەبێت و بچین موشارەکەش بکەین، مانای نازانین چۆن دەبێت ئێستا نیتمان بەڵام لەوانەیە بمان بێت لەوانەیە زروفی وەرزش بەشێوەیەکی ئەوتۆ دوەلیبەن بگۆڕێت ئێمەش بتوانین موشارەکە بکەین چ کەم چ زۆر، دەقەکە زۆر باش هاتووە با مەجالیان بدەینێ ئەو دوو ساڵەش بڕوێن و دەورەیەکی ئۆڵۆمپی ئیعتیادی بکەن ئەوجا هەڵبژاردنی بکەن، با بکەونە سەر پێ و ئیش وکاری خۆیان بکەن چ دەبێت با دوایی هەڵبژاردنی بکەن زۆر زۆر ئاساییە، بەڕای ئێمە دەقەکە زۆر باش هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان کەستان ریازین؟ کەسی ریازی هەیە؟ خۆی ئێمە ئەم دەرگایە نابێت

لە خۆمان دابخەین هەتا وەکو هەرێمێکی فیدرالیش لەوانەیە هەوڵبدەین بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێنەر بین لە ئۆڵۆمپیاتی جیهانی، ئەگەر ئەوەش نەبێت بەشێوەی رەسمیش نەبێت لە رێگای عێراقێکی دیموکراتییەوە تەنزیمی عیلاقە لە نێوان ئەنجومەنی وەرزشی کوردستان و ئەنجومەنی وەرزشی ناوەندی دەکرێت لەم رێگایەوە تەمسیل دەکرێت بە نوێنەری ئۆڵۆمپی جیهانی و، حەدەسێکی وەرزشی جیهانی تەنها ئۆڵۆمپییاتە لەسەر ئەساسی ئەوە قیاس و مەقایسی وەرزشی دادەنرێت هی نەجاحەتی لیژنەیەک یان فەشەلی ئەم لیژنەیە، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە زۆر باش هاتووە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەرێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم بەتەواوی ئەم قسەیە بوو تاکو ئەم قسەیە لە پەرلەمان بکرێتن کە ئێوە و ئێمەش هەوڵ بدەین کە نوێنەرمان هەبێتن لە ئۆڵۆمپییاتی جیهانی، مەبەستم لە گفتوگۆکردن ئەمە بوو، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جا تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بدرێتە دەنگدان.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة عشرة:

١ـ تكون مدة الهيئة التنفيذية اربع سنوات تقويمية على ان يجري اختيار اعضائها بعد كل دورة اولمبية مباشرة سواء اقيمت أو لم تقم.

٢ـ تكون مدة الهيئة التنفيذية الاولى أربع سنوات تقويمية بعد انتهاء الدورة الاولمبية الحالية.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە ماددەی (١٣) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەرێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٣) بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، بەشی پێنجەم تکایە.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

الفصل الخامس

الاحكام الختامية

المادة الرابعة عشرة:

للمجلس اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تێبینی نییە؟ فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــود فندی دیرشـــەوی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من نازانم (للمجلس اصدار التعليمات) ئەڤ لەفزەیە تەنها لە نەقابەکان هەیە، ئەڤە حەقی کێیە ئەنجـومـەنە یان وەزارەتە چییـە ئیـصـداری تەعلیـمـات بکاتـن، حەقـە ئەنجـومـەنی وەزیران یان وەزیرێکی موختەص ئەو ئیصداری تەعلیمات بکات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

فەرموو کاکەرەش وەڵامی بدەوە؟

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەنجومەن لە سەرەتای قانونەکە پێناسە کراوە (المجلس: المجلس الاعلى للرياضـة في اقليم كوردستان العراق.) ئەو ئەنجومەنەیە کە تەعلیمات دەردەکات کە ئەنجومەنی وەرزشی باڵایە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

جوابەکەی کافی نییە؟ کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سـرتیب مـحـمـد حـسین«سـیـروان کـاکـەیی»:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمە وەکو لیژنە رەئیەکمان داوە ئەگەر جەنابتان ئیجازە بفەرموون ڕەئیەکەمان بخوێنینەوە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئێمە گوتمان تێبینی هەیە؟ جەنابیت باست نەکرد فەرموو تێبینییەکانت بڵێ.

**بەڕێز سـرتیب مـحـمـد حـسین«سـیـروان کـاکـەیی»:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمە وەکو لیژنە ڕامان وایە کەوای لێ بێت (لمجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيـذ أحكام هذا القـانون) لە جیاتی (المجلس) چونکە ئەنجومەنەکە پەیوەستە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەویش حەقی ئەوەی هەیە کە ئیصداری تەعلیمات بکات، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئەو تەعلیماتە پێویستە لە ئەنجومەنی وەرزشی بێت، چونکە لایەنێکی بەرپرسە لە بابەتەکە دەزانێت بەچ شێوەیەک تەعلیمات دەربکات کە قانونی بێت، ئەنجومەنی وەزیران هەموو کاتێک بەئیعتباری وەکو دائیرەیەک سەر بەخۆیەتی پێویست نییە بە ئەنجومەنی وەزیران بلێین تەعلیمات دەربکە حەقی بدەینێ لە قانون، چونکە ئەو هەموو دەمێ حەقی دەرکردنی نیزامی هەیە مانای وایە تەعلیمات شتێکی زۆر ئاساییە بۆیە پێویست ناکات بیدەینێ، بەڵام ئەگەر ئەو حەقەی بۆ ئەنجومەنی وەرزش تەسبیت نەکەین لەقانون ئەو حەقەی نییە مەسەلە مەسەلەیەکی تەوزیحییە بۆ موئەسەساتی وەرزشی و یەکێتی وەرزشی بۆ یانەکان کە ئەو یاسایە چۆن تەنفیز دەکرێت شتێکی زۆر ئاساییە و لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

خۆی ئەو ئەنجومەنە دروست دەکرێت بۆ ئەوەی شتی وا بکات؟ بۆ ئەوەی ئەو قانونە جێبەجێ بکات تەعلیماتی پێ دەربکات و شەرحی بکات ئیشی ئەوەیە، جارێکی تر بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــیـــــدری:**

المادة الرابعة عشرة:

للمجلس اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١٤) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٤) بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (١٥)ە تکایە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــیـــــدری:**

المادة الخامسة عشرة:

لايعمل باي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی (١٥)ە؟ دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١٥) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٥) بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (١٦)ە تکایە.

**بەڕێز شـــــــیــــــروان نـاصـح حـــــیـــــــدری:**

المادة السادسة عشرة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی (١٦)ە؟ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١٦) بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٦) بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، ماددەی (١٧)ە تکایە.

**بەڕێز شـــــــیــــــروان نـاصـح حـــــیـــــــدری:**

المادة السابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی (١٧)ە؟ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدان، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (١٧) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٧) بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، هەموو پڕۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو پڕۆژەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، هەموو پڕۆژەکە بەگشتی دەنگ پەسەندکرا، زۆر سوپاس. ئێستا دەچینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، تکایە هەمووی بخوێنەوە؟

**بەڕێز شـــــــیــــــروان نـاصـح حـــــیـــــــدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**«قرار»**

إستناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءا على ما عرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة ( ) و المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ تشريع مايلي:

أولاً: تسري أحكام القرار رقم (٧) لسنة ٢٠٠١ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان